# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـاره (٦٠)　　٢٧٢٤ی کـوردی　　٢٠٢٤ی زاییـنـی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـــارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کـــوردی ٢٠٢٤ی زایینـــی

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

**حەمەسەعید حەسەن کەریم**

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. ساڵح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**

http;//gov.krd/ka ISSN: 2520-4106 **هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# وێنەی شیعری لە شیعرەکانی (دڵشاد مەریوانی)دا

رۆشنا سلام أمین

بەشی زمانی کوردی-کۆلێژی زمان
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
roshna.amen@su.edu.krd

پ. ی. دجبار احمد حسین

بەشی زمانی کوردی-کۆلێژی زمان
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
Jabbar.hussein@su.edu.krd

پوختە:

پوختـــەی ئـــەم توێژینەوەیـــە بریتییـــە لـــە دەرخســـتن و دیاریکـــردنی وێنـــەی شـــیعری و ئـــەو ســـەرچاوانەی شـــاعیر (دڵشـــاد مەریـــوانی) لـــە پێکهاتـــە و بابـــەتی وێنـــە شـــیعرییەکانیدا ســـوودی لـــێ بینیـــون، لەگـــەڵ شـــیکردنەوەی نموونـــە شـــیعرییەکانی.

وێنـــە، یەکێکـــە لـــە پێکهاتـــە ســـەرەکییەکانی بنیـــاتی دەقـــی شـــیعری، هـــەر شـــاعیرێک بـــۆ پێکهێنانـــی وێنـــە هونەرییەکانـــی شـــێوازێکی تایبـــەت بـــە خـــۆی هەیـــە؛ (دڵشـــاد مەریـــوانی) یـــش وەک شـــاعیرێکی نوێخـــواز و بـــە ئەزمـــوون و خـــاوەن شـــێواز و تایبەتمەنـــدی خـــۆی، بـــە ئامانجـــی لایـــەنی ئیســـتاتیکا و دروســـتبوونی شـــیعرییەت، چەندیـــن وێنـــەی جـــوان و ســـەرنجڕاکێشی لـــە دەقـــە شـــیعرییەکانیدا کێشـــاوە، لـــە کـــۆی شـیعرەکانی دڵشـاد مەریـوانی وێنـەی هونـەری بـە هەمـوو جـۆرەکان لـە شـیعرەکانیدا بـەدی دەکرێـت، وەک (وێنـــەی شـــیعری بەپێـــی پێنـــج هەســـتەکانی مرۆڤ-هەســـتی ژێـــری، وێنـــەی جـــووڵاو و وەســـتاو، وێنـــەی ئەفســـانەیی، وێنـــەی ڕەمـــزی، وێنـــەی تـــاک و لێکـــدراو و گشـــتی، وێنـــەی ڕوونبێـــژی)، لەگـــەڵ ســـوودبینین لـــە ســـەرچاوەکانی (خـــودی و بابەتی)هـــەر یەکەیـــان بـــە شـــێوازێکی جیـــا خراونەتـــە ڕوو، وێنـــەی ڕەمـــزی بـــە شـــێوازێکی بەرفـــراوان لـــە شـــیعرەکانی بـــەدی دەکرێـــت، ئەمـــەش یەکێکـــە لـــەو تایبەتمەندییانـــەی شـــاعیر، هـــۆکاری ئەمـــەش دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ڕۆشـــنبیریی گشـــتیی شـــاعیر و ئـــەو بارودۆخـــە سیاســـییەی کـــە شـــاعیر تێیـــدا ژیـــاوە، ئەمـــەش ئیســـتاتیکای بـــە دەقـــە شـــیعرییەکانی شـــاعیر بەخشـــیوە.

کلیلەوشە: دڵشاد مەریوانی، وێنەی شیعری، وێنەی ڕەمزی، سەرچاوەی خودی، سەرچاوەی بابەتی

**پێشەکی:**

وێنـــەی شـــیعری بـــە یەکـــێ لـــە پێکهاتـــە گرنـــگ و ســـەرەکییەکانی دەقـــی شـــیعری لـــە قەڵـــەم دەدرێـــت، ڕەخنـــەی ئـــەدەبی بایەخێکـــی زۆری بـــەم لایەنـــە داوە، چونکـــە ڕێگەیەکـــە بـــۆ گەیشـــتن بـــە بیـــری ســـەرەکی دەقـــی شـــیعری، شـــاعیریش لـــە ڕێگـــەی وێنـــەی شـــیعرییەوە ئەزموونـــە شـــیعرییەکەی خـــۆی دەگەیەنێـــت. زۆربـــەی دەقـــە شـــیعرییەکانی (دڵشـــاد مەریـــوانی) بـــەدەر نیـــن لـــە وێنـــەی هونـــەری و خستنەڕووی ئـــەو هەســـت و ســـۆزەی لـــە ناخیـــدا پەنگـــی خواردووەتـــەوە، توانیویـــەتی لێزانانـــە لـــە ڕێگـــەی وێنـــە شـــیعرییەکانەوە شـــیعرییەت و ئیســـتاتیکا بـــە دەقـــە شـــیعرییەکانی ببەخشـــێت، لـــە ڕێگـــەی زۆری ئـــەو وێنـــە ڕەمزییانـــەی بـــەکاری هێنـــاوە، دەتوانیـــن بگەیـــن بـــەو ســـەردەمەی شـــیعرەکانی تیـــادا هاتوونەتـــە بەرهـــەم.

**هـــۆی هەڵبـــژاردن:** هـــۆی هەڵبـــژاردنی ئـــەم ناونیشـــانە، گرنگیدانـــە بـــە شـــیعری (دڵشـــاد مەریـــوانی) و پیشـــاندانی لایـــەنی هونەریـــی شـــیعرەکانی، وەک پێویســـت لێکۆڵینـــەوەی ئەکادیمـــی لەبـــارەوە نەکـــراوە.

**میتـــۆدی لیکۆڵینەوەکـــە:** لـــەم لێکۆڵینـــەوەدا پەیـــڕەوی میتـــۆدی وەســـفی و شـــیکاری کـــراوە.

**پێکهاتـــەی لێکۆڵینەوەکـــە:** لێکۆڵینەوەکـــە بـــە شـــێوەیەکی گشـــتی لـــە چـــوار تـــەوەر پێـــک دێـــت:

تـــەوەری یەکـــەم: چەمـــک و پێناســـەی وێنـــەی شـــیعری، تیایـــدا بـــاس لـــە چەمـــک و پێناســـەی وێنـــەی شـــیعری و گرنگیـــدان بـــەم پێکهاتەیـــە لـــە ڕەخنـــەی ئـــەدەبی کـــۆن و نوێـــدا کـــراوە.

تـــەوەری دووەم: جـــۆرەکانی وێنـــەی شـــیعری لـــە لای شـــاعیر، لـــەم تەوەرەیـــە، جـــۆرەکانی وێنـــەی شـــیعری لـــە ڕووی پێکهاتـــە و بنیـــات، پێنـــج هەســـتەکەی مـــرۆڤ، جـــووڵاو و وەســـتاو، شـــێوازەوە خراونەتـــە ڕوو، بـــە نموونـــەی شـــیعرییەوە.

تـــەوەری ســـێیەم: ســـەرچاوەکانی وێنـــەی شـــیعری لـــە لای شـــاعیر، تیایـــدا بـــاس لـــە ســـەرچاوەکانی وێنـــەی شـــیعری لـــە شـــیعرەکانی شـــاعیردا، لـــە ڕووی ســـەرچاوەی خـــودی و بابـــەتی کـــراوە.

تـــەوەری چـــوارەم: بابـــەتی وێنـــە شـــیعرییەکان لـــە لای شـــاعیر، لێـــرەدا دیارتریـــن ئـــەو بابەتانـــە خراونەتـــە ڕوو، کـــە بوونەتـــە زەمینـــەی دروســـتبوونی وێنـــە شـــیعرییەکان.

**تەوەری یەکەم:**

**وێنەی شیعری**

**چەمک و پێناسەی وێنەی شیعری**

وێنـــەی شـــیعری بـــە یەکـــێ لـــە پێکهاتـــە ســـەرەکییەکانی بنیـــاتی شـــیعر دادەنرێـــت لـــە ڕەخنـــەی کـــۆن و نوێـــدا. "وشـــەی وێنـــە (image) لـــە ئینگلیزیـــدا ئامـــاژە بـــۆ ئـــەو ڕەگـــە هاوبەشـــە دەکات کـــە لەگـــەڵ وشـــەی خەیاڵـــدا (imagination) هەیـــەتی کـــە بۆتـــە هـــۆی هاوبەشـــیان لـــە یـــەک بـــواری مەعریفیـــدا و ئـــەو پەیوەندییـــە بەتینـــەی کـــە لـــە نێـــوان خەیـــاڵ و وێنـــەدا هەیـــە بـــەو پێیـــەی وێنـــە گرنگتریـــن بەرجەســـتەکانی خەیاڵـــە لـــە شـــیعردا" (حەســـەن، ٢٠٠٤،ل٢٥)، هۆکارێکـــە بـــۆ دەربڕینـــی ئـــەو هەســـت و ســـۆز و خەیاڵـــەی لای شـــاعیر دروســـت بـــووە، کـــە لـــە دەقـــی شـــیعریدا بەرجەســـتەی دەکات. "وێنـــەی شـــیعری زمـــانی ئەندێشـــەیە و هەمـــوو ئـــەو دیـــاردە هەســـتپێکراو و هەســـتە دەروونی و بۆچوونـــە ئەندێشـــەییە بەرجەســـتەکراوانە دەگرێتـــەوە کـــە بـــە هـــۆی زمانـــەوە بـــۆ خوێنـــەر و گوێگـــر ئەنجـــام دەدرێـــت" (عـــەلی،١٩٩٨،ل٤٨)، دەتوانیـــن بڵێیـــن وێنـــەی شـــیعری پێکهاتەیەکـــی ئێســـتاتیکی شـــیعرە یەکێکـــە لـــە بنەمـــا دیـــارەکانی هونـــەری شـــیعر.

وێنـــەی شـــیعری ســـەرچاوەیەکی گرنگـــی ئەزمـــوونی شـــیعرییە و بەهۆیـــەوە شـــاعیر ئامانجـــی خـــۆی دەپێکێـــت، یەکێکـــە لـــە بنەمـــاکانی داهێنـــانی شـــیعر و دەرخســـتنی پلـــە و توانـــای شـــاعیرێتیی شـــاعیر "وێنـــەی شـــیعریی نوانـــدنی ئەزموونـــەکانی شـــاعیرە، گوزارشـــت لـــە هەســـت و ســـۆزە شـــاراوە و ئاشـــکراکانی دەکات، تاکـــە ناوەنـــدە بـــۆ گەیانـــدنی بیـــر و ســـۆزی شـــاعیر، کـــە بـــە وێنـــەی شـــیعری گوزارشـــت لـــە ئەزموونـــەکانی ژیـــان و بینینـــی بـــۆ ڕووداوە سروشـــتی و ناسروشـــتییەکان دەکات" (رضـــا،٢٠٢١، ل٢٨) کەواتـــە وێنـــەی شـــیعریی ڕێگایەکـــی جەوهەرییـــە بـــۆ گواســـتنەوەی ئەزموونـــەکانی هونـــەری ژیـــانی شـــاعیر.

وێنـــەی شـــیعری پێکهاتەیەکـــی گرنگـــی شـــیعرە، کەرەســـتەکانی وشـــەی جـــوان و خەیاڵـــی شـــاعیرن کـــە لـــە ڕێگەیـــەوە تێڕوانینـــی بـــۆ دیـــاردەکانی دەوروبـــەر دەخاتـــە ڕوو. "وێنـــەی شـــیعری، جەوهـــەری هونـــەری شـــیعرە و واتـــای ســـەرەکی لـــەوەوە دروســـت دەبێـــت، شـــاعیر بـــە یاریـــدەی خەیـــاڵ و بەهـــۆی وشـــەوە وێنـــە و بیرۆکـــەکانی خـــۆی دەکێشـــێت. ئـــەو

وشانەی بەشداری دەکەن لە پێکهێنانی وێنەیەکی شیعری، هەموویان وشەی ئاسایین، بەڵام لە ئەنجامدا پێکهاتەیەکی نائاسایی دروست دەکەن" (حسین،٢٠٠٨،ل٩٤). واتە شاعیر لە ڕێگەی خەیاڵەوە بە جۆرێک وێنەکان دروست دەکات، لە دووبارەکردنەوەی واقیع دووری دەخاتەوە و واقیعێکی داهێنراومان بۆ پێک دەهێنێت. "وێنە لە شیعر و ئەدەبدا بەگشتی، شتی نامۆ وەرناگرێت بۆ وشەی باو، بەڵکو بە پێچەوانەوە شتی ئاسایی دەگۆڕێت بۆ کاری نامۆ کاتێک لە ژێر تیشکێکی نوێدا پێشکەشی دەکات و دەیخاتە کایەیەکی چاوەڕواننەکراو" (حسین، ٢٠٠٨، ل٩٤) دەرخەری ئەو هەستە دەروونییەی شاعیرە بەرامبەر بە شتەکان هەیەتی. "وێنە دەرهاتووی ناخی دەروونی شاعیرە کاتێ وەسفی بینراوەکان دەکات، کە خوێنەر شیعرەکە دەخوێنێتەوە نازانێ شیعرێکی نووسراو دەخوێنێتەوە، یاخود دیمەنێک لە دیمەنەکانی بوون دەبینێ. کاتێ وەسفی ئەوەی ناو ویژدانی خۆی دەکات خەیاڵی خوێنەر بۆ ئەوە دەچێ کە لەگەڵ ئەویەتی و گفتوگۆ لەگەڵ ویژدانیدا دەکات، چونکە پارچەیەکی هەڵبژاردەی شاعیرێکی نەمر دەخوێنێتەوە" (حەسەن، ٢٠٠٤، ل٣١).

وێنەی شیعری "بۆچوونێکی زەینییە لە ڕێگەی لێکچواندن و خواستنەکان بەرهەم دێت، ئەرکی ئەوەیە هەموو ئەوانە بە گەڕ بخاتەوە، کە پەیوەندییان بە بەکارهێنانی خواستراوی وشەکانی نێو کاری ئەدەبی هەیە، ئەوەش جوانییەکی گەورە بە دەقی ئەدەبی دەبەخشێ" (عەبدوڵڵا،٢٠٢١،ل٤٨-٤٩). شاعیران هەر لەگەڵ یەکەم هەوڵی شیعر نووسینیاندا وێنەی شیعرییان فەرامۆش نەکردووە، هەمیشە هەوڵیان داوە لە شێوەی جۆراوجۆر وێنەی هەمەڕەنگ نیشان بدەن، ڕادەی بەرزی ئاستی ئەم هونەرە شیعرییە و بەکارهێنانی لە ناو دەقی شیعریدا لەسەر ئاست و توانا و بەهرەی شاعیر وەستاوە. "وێنەی شیعری، یەکێکە لە گرنگترین بنەماکانی دەقی شیعری، لە مێژووی گەشەسەندنی شیعری هەر زمانێکدا سەرەتا هەست بە گۆڕانی ئەم دەکرێت، پاشان لە پێناوی دەربڕینی ئەم وێنە نوێیانەدا، گۆڕان بە سەر مۆسیقای شیعر و زمانی شیعریشدا دێت" (حسین،٢٠٠٨،ل٣٠٤).

لە ڕێگەی وێنەی شیعرییەوە دەتوانیین بگەین بە ڕاستییە شاراوەکانی ژوورەوەی شاعیر، مەبەست و ئامانجەکانی شاعیرمان بۆ ڕوون ببێتەوە "وێنە بەرهەمی سۆزی تایبەتی شاعیرە و ئەوەشی لە ناخەوە بەرامبەر بە شتەکان هەستی پێ دەکات، دوای ئاوێتە بوونیان بە هەست و سۆز و زیادکردنی بارە دەروونییەکان، گواستنەوەیەکی ناڕاستەوخۆی دەبێت لە واژەوە بۆ واتا، لێرەدا وێنە دەبێتە تەوەرەی جوانی و سیفەتی تاکڕەوی هەڵدەگرێت و خودی شاعیری تیا ڕەنگ دەداتەوە" (عبدالرحمان،١٩٧٧،ص٣٦٨) کەواتە وێنەی شیعری ڕەنگدانەوەی ئەو بارە دەروونییەیە کە شاعیر لە ئەزموونە شیعرییەکەیدا پێیدا تێپەڕیوە.

وینەی شیعری لە شیعری نوێ و کلاسیکدا جیاوازە "شاعیری کۆن (یان ڕەخنەگری کۆن) جوانی بە لایەوە ئەوەبوو، کە هەستەکان ڕازی بکات، ئەم ئارەزووە هەستییە خۆی بەسەر وێنەی شیعرییدا سەپاند بوو، تەنیا ئەوە بە لایەوە گرنگ بوو ئەو وێنەی دروستی دەکات زۆر لەو وێنەیە بچێت، کە پێی دەچوێنێت (یان لە خەیاڵیدایە)، ئەمەش کاتێک دەتوانێت کە وێنەی هەستی بەکار بهێنێت. بەڵام وێنە لە شیعری نوێدا فەلسەفەی ئیستاتیکای خۆی هەیە، دیارترین سیفەتی (چالاکی)یە، پێشتر (وشە) کەرەستەی گوزارشت بوو، بەڵام لە شیعری نوێدا (وێنە) کەرەستەی گوزارشتە، کە دیمەنێکی زیندوو دەگوازێتەوە و ئەزموونێکی مرۆڤایەتی کورت دەکاتەوە. لە شیعری نوێدا جوانی ڕەگەزەکان، یان ناشرینییان هیچ گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە وێنەکە بە گشتی گوزراشت لە هەستە ڕاستگۆکان بکات و بە شێوەیەکی وروژێنەر بیانگوازێتەوە" (حسین،٢٠٠٨،ل٩٤-٩٥) داهێنانی شیعر لە شیعری نوێدا زیاتر لە وێنەیەکدا خۆی دەبینێتەوە، بە شێوەیەکی زنجیرەیی پێکەوە وێنەیەکی گشتی دەنوێنن، بەڵام لە شیعری کۆندا وێنەکان لە واتادا سەربەخۆن و پەیوندییان بەیەکترەوە نییە "لە لای شاعیری کۆن وێنەکان پەیوەندییان بە یەکەوە نەبووە و وەک بڵێی هەر مەبەستی ئەوە بووە وێنە بخوڵقێنێ و بەس، بەڵام شاعیری نوێ وێنەی شیعری پتر لە لا بە زنجیرە دێتە خوار و وێنەکانیشی پەیوەندییەکی بەهێزیان لە نێواندا

هەیــە، دەیــەوێ یەکــەم شــت وێنــەی نــوێ پێکــەوە بنــێ و دووەم شــت ئــەو وێنانــەی کاریگــەر بــن و پەیوەندییــان بەیەکــەوە هەبــێ" (محمــد،٢٠٠٨،ل٩).

ڕەگــەزی جیــاواز ڕۆڵیــان لــە دروســتبوونی وێنــەی هونــەری هەیــە کــە هەســت و بیــر و ئەزمــووونی شــاعیر یەکیــان دەخــات، ڕەگــەزەکان هــەر یەکــە ڕۆڵ و گرنگــی خــۆی هەیــە، کــە بریتیــن لــە (زمــان، ئەندێشــە، واقیــع، بیــر، ســۆز، نەســت) هەمــوو ئەوانــە ئاوێتــەی یەکــتر دەبــن و وێنــەی شــیعری دروســت دەکــەن. "پێویســتە وێنــەی شــیعریی لــە چەنــد ڕەگەزێکــی بنیــاتی پێــک بێــت، گرنگتریــن ئــەم ڕەگەزانــەش: زمــان و شــێوەکانی ڕۆنــانی، مۆســیقا بــە کێــش و ڕیتمــەوە، ئامــاژە و ئــەو هەســت و ڕوانگــە و وێنــە بــێ ســنوورانەی لێــوەی هەڵدەقوڵێن..بــەم شــێوەیە بنیــاتی وێنــەی شــیعری، وێنەیەکــی بنیــاتی دەقــە شــیعرەکەیە" (حســین،٢٠٠٨، ل٩٥) دەتوانیــن بڵێیــن وێنــەی شــیعری، شــێوازێکی هونەرییــە، شــاعیر لــە ڕێگەیــەوە گوزارشــت لــە دەروون و هەســت و بیرکردنــەوەکانی دەکات، کــە بــۆ شــت و دیــاردەکانی دەوروبــەر هەیــەتی.

**تەوەری دووەم:**

**جۆرەکانی وێنەی شیعریی:**

لێــرەدا هــەوڵ دەدەیــن ئــەو جۆرانــەی وێنــەی شــیعری دەستنیشــان بکەیــن، کــە لــە شــیعری (دڵشــاد مەریوانــی)دا هــەن؛ ئەمــەش لــە چەنــد ڕوویەکــەوە دەخەینــە ڕوو:

**یەکــەم: جــۆرەکانی وێنــە لــە ڕووی پیکهاتــەی سروشــتییەوە (هەســتی و ژیــری)**

**أ-وێنەی هەستی:**

هەمــوو ئــەو وێنانــە دەگرێتــەوە دەکەونــە بــەر یەکێــک لــە پێنــج هەســتەکانی مــرۆڤ، کــە بریتیــن لــە هەســتی (بینیــن، بیســتن، چەشــتن، بۆنکــردن، بەرکەوتــن) کاتێــک شــاعیر هــەوڵ دەدات بیــروڕا و ســۆزی بەرجەســتە بــکات، ئــەوا لــە ڕێــی هەســتەکانەوە دەتوانــێ ئــەم کارە بــکات، خوێنەریــش لــە ڕێگــەی ئــەم هەســتانەوە وەریدەگرێــت.

**١-هەستی بینین:**

ئــەو وێنانــە دەگرێتــەوە کــە لــە ڕێگــەی چــاوەوە دەبینرێــن، "بینیــن لــە ســەرووی هەمــوو هەســتەکانەوە دێــت، لــە ڕووی توانــای هەســت پێکردنــەوە وێنــەی هونەریــش ڕێژەیەکــی زۆری بــەر ئــەم هەســتە دەکــەوێ" (حەســەن، ٢٠٠٤، ل٢٠٣) واتــە یەکێکــە لــە کاراتریــن هەســتەکانی مــرۆڤ، چونکــە ڕاســتەوخۆ لــە ڕێگــەی چــاوەوە درک بــە شــت و دیــادەکانی دەوروبــەر دەکرێــت.

- لــەم نموونەیــەی خــوارەوەدا، بــۆ دەربڕینــی ئازارەکانــی نــاوەوەی وێنەیــەک دروســت دەکات، کــە بــەر هەســتی بینیــن دەکەوێــت:

**دیارە ئازاری وەرزی پایزیش میراتی منە**

**ڕاستە کە زەردی گەڵاڕێزانیش بۆ من نەخشاوە**

(مەریوانی، ٢٠٠٩،ل:٣٩)

شــاعیر ئێــش و ئــازاری خــۆی لــە دووری یارەکــەی نیشــان داوە، ڕەنــگ زەردی خــۆی بــە (زەردی گــەڵا) نیشــان داوە، کــە لــە ڕێگــەی چــاوەوە هەســتی پــێ دەکرێــت، "هاتنــی ڕەنــگ لــە وێنــەدا بــە کارێکــی هەڕەمەکــی دانانرێــت، بەڵکــو خــۆی لــە خۆیــدا هەڵگــری واتایەکــە کــە شــاعیر مەبەســتییەتی..لە وێنەگرتنــدا ڕەنــگ و هێڵــەکان واتایەکــی ناوەکییــان هەیــە، وەکــو خــۆشی و ناخــۆشی، توندوتیــژی و نــەرم و نیــانی، ســاردی و گەرمــی" (محمــد،٢٠٠٨، ل٥٨).

- لە وەسفی جوانی یاردا:

**ئەی دوو چاوی نیوە نووستوو**

**ئەی دوو ئەستێرەی خەواڵو**

**بۆ کەوتوونەتە باوەشی..جوتێ برۆی ڕەشی..تاریک**

**تۆ ئەی برۆ..ئەی دوو چڵ ڕێحانەی باریک**

**چیم لێ دەکەی..!لەبەر دەمتام..**

(مەریوانی، ٢٠٠٩،ل:١٢٢)

ئــەم وێنەیــەش بــەر هەســتی بینیــن دەکــەوێ، چــاوەکانی یارەکــەی بــە ئەســتێرە و بــرۆکانی بــە چڵــە ڕێحانــە چووانــدووە، لــە ڕێگــەی ئــەم دەســتەواژانەوە وێنەیەکــی ســەرنجڕاکێشی دروســت کــردووە، کــە بــەر هەســتی بینیــن دەکەوێــت.

**٢- هەستی بیستن:**

هەمــوو ئــەو وێنانــە دەگرێتــەوە کــە بــەر هەســتی بیســتن دەکــەون و لــە ڕێگــەی گوێچکــەوە وەردەگیرێــن، "هــەر وێنەیەکــی شــیعر لەســەر بنەمــای دەنــگ یــا ئــاواز یــا مۆســیقا

بنیـات نرابــێ ئــەوا لــە ڕێگــەی هەســتی بیســتنەوە باشــتر وەردەگیـرێ و هەسـت بـە خـۆشی و جـوانی وێنەکـە دەکـرێ" (محمـد،٢٠٠٨،ل٢٠٤)، لەڕێگـەی خوێندنـەوەوە مامەڵـە لەگـەڵ وشــە و ڕســتە و ماناکانــدا دەکرێــت، خەیــاڵ و وێنــە لــە ڕێگەیانــەوە بەرجەســتە دەبێــت.

**ئاوازی بازن لەگەڵ تاری دەنگ**

**هەزار مۆسیقا و ئاواز ئەنوێنێ**

**(مەریوانی، ٢٠٠٩،ل:٢٧)**

هــەر یــەک لــە وشــەکانی (ئـاواز، تـار) ئەرکـی خۆیـان بینیـوە و بـە هەسـتی بیسـتن وەردەگیرێـن، مەبەسـتی شـاعیر ئەوەیـە دەنگـی بـازن کـە (جۆرێکـە لـە خشـڵی ئافرەتـان لـە مەچـەک دەکرێـت) یارەکـەی بـەکاری هێنـاوە، کاتێـک ئـەو خشـڵە یـان ئـەو بازنـە بـەر یەکـتری دەکـەون جۆرێـک لـە دەنـگ دروسـت دەکــەن، لەگــەڵ دەنگــی یارەکــەی لــە لای وەکــو مۆســیقا و ئـاوازە، دیـارە مۆسـیقاش بـە هەسـتی بیسـتن وەردەگیرێـت.

**لە گوندێکدا پێکگەیشتین**

**دەنگت وەک دەنگی دڕینی**

**ڕۆژنامەیەکی نهێنی..**

**هاتە گوێم و وتت: ڕۆژباش**

(مەریوانی،٢٠٠٩ل:١٧٨)

شــاعیر هاتــووە دەنگــی ئــەو کەســەی قســەی لەگــەڵ کـردووە، بـە (دەنگـی دڕینـی ڕۆژنامەیـەک) دەچوێنـێ، کـە لـە ترسـی ئـەوەی کـەس گوێـی لـێ نەبێـت و ئاشـکرا نەبێـت لەسـەرخۆ دەدڕێنرێـت، دەنگەکـەی زۆر نزمـە و بـە ئاسـتەم دەبیسـترێت، دیـارە ئـەم دەنگـەش بـەر گوێچکـە دەکەوێـت، لـە ڕێگەیـەوە وێنەیەکـی هەسـتی بیسـتنی دروسـت کـردووە.

**٣-هەستی بۆنکردن:**

ئـەم هەسـتەش یەکێکـە لـەو هەسـتانەی شـاعیر دەتوانـێ لـە ڕێگەیـەوە کۆمەڵـێ وێنـەی شـیعری بنیـات بنێـت، کـە لـە ڕێگـەی هەسـتی بۆنکردنـەوە وەردەگیرێـن.

**هەناسـەی زاری ژێـر دوو لێـوی ئـاڵ**

**هەنسـکی گـەرووی ڕێحانـەی جوانـە**

**کـە لەگـەڵ شـنەی فێنکـی شـەماڵ**

**خەیـاڵ و مـەزەی بـادەی مەسـتانە**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٥٢)

شــاعیر هەناســەی یارەکــەی بــە هەنســکی ڕەیحانــە چوواندووە، کــە لــە ڕێگــەی بۆنکردنــەوە هەســتی پــێ دەکەیــن، مەبەسـتی شـاعیر ئەوەیـە بڵێـت: بەهـۆی بـۆنی هەناسـەی یارەکـەی، کـە وەکـو بـۆنی ڕەیحانـە وایـە، دەبێتـە هـۆی ئـەوەی مەسـتی بـکات، وەک کەسـێک کـە بـە مـەی مەســت بووبێــت.

**٤-هەستی چەشتن:**

هەسـتی چەشـتن یـان تامکـردن، ئـەو هەسـتەیە لـە ڕێـی تامــەوە مــرۆڤ دەتوانێــت درکــی پــێ بــکات، لــەم جــۆرە وێنانـەدا ئـەو دەسـتەواژانەی کـە شـاعیر دەیانهێنێتـەوە وەک (سـوێری تاڵـی و ترشی...هتـد) بـەر هەسـتی چەشـتن دەکـەون.

**لادە پێکــی خوێنــی تــرێ، بێنــە پێکــی خوێنــی لێــو**

**بـا مـەزەی مـەی لاچـێ زووکـە بێنـە پێشـێ جووتەسێو**

**خواردنیـش بـۆ مـن مەهێنـە، باشـترە جوانیـت لـە شـێو**

**هـەر کـە مەسـتیش بـووم بزانە، گێـژم وەک پرچت پەشێو**

**مــن کــە بــادەی لێوەکانــت هــۆش و ژیرێتیــم بــەرێ**

**دوور ئەبــم لــەم ئــاخ و ژانــە، هاتــن و چوونــە دەرێ**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٦٠)

هەریـەک لـە وشـە و دەسـتەواژەکانی (پێکـی خوێنـی تـرێ- پێکـی خوێنـی لێو-مـەی- شـێو-بادەی لێوەکانـت) بـەر هەسـتی چەشـتن دەکـەون، شـاعیر مەبەسـتی ئەوەیـە بەهـۆی بـادەی لێـوەکانی یارەکـەی، وەکـو ئـەوەی مـەی خواردبێتـەوە هـۆش و ژیریـەتی لـە دەسـت دەدات، بەمـەش وێنەیەکـی شـیعری کـە بەرهەسـتی چەشـتن دەکەوێـت دروسـت بـووە.

**لێو بوو شیرینی لێوی ئەمژی**

**دەمی کامامان بوو خۆشم نازانم**

(مەریوانی،٢٠٠٩ل:٧٢)

ئـەم وێنەیـە بـەر هەسـتی چەشـتن و بەرکەوتـن دەکەوێـت، شـاعیر لـە ڕێگـەی هەسـتی چەشـتن و بەرکەوتـن وێنەیەکـی ڕۆمانسی بنیـات نـاوە.

**٥-هەستی بەرکەوت:**

ئـەم جـۆرە وێنانـە دەگرێتـەوە کـە بەهـۆی بەرکەوتـن و دەسـت لێدانـەوە هەسـتیان پـێ دەکرێـت، وەک (نـەرم و ڕەق، زبـری و لـوسی، سـارد و گەرم...هتـد).

**بەسە درۆ، وەکو پشکۆ**
**داخم ئەکا**
**جوانی گوڵم، شادی دڵم**
**لە ناو ئەبا**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٣٦٢-٣٦٣)

ئـەم وێنەیـە بـەر هەسـتی بەرکەوتـن دەکەوێـت، شـاعیر (درۆ) ی بــە (پشــکۆ) چوانــدووە و داخــی دەکات، دیــارە ئەمــەش لــە ڕێگــەی بەرکەوتنــەوە هەســتی پێدەکرێــت.

**ئیــتر لــە یــارم قــەت نابــم بێــزار**
**بەیــانی خێــرا ئەچینــە دیــدار**
**مــن سـنگ تونـد ئەکـەم لـە سـنگی گەرمـی**
**ســەریش ئەخەمــە ســەر ڕانی نەرمــی**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٧٤)

شــاعیر لــە ڕێگــە هەســتی بەرکەوتنــەوە وێنەیەکــی ڕۆمانســیمان نیشــان دەدات، بــاس لــە کاتی دیــداری خــۆی و یارەکــەی دەکات، ســیفەتی گەرمــی بــە ســینگی یارەکــەی و ســیفەتی نەرمــی بــە ڕانی دەبەخشــێت، لــە ڕێگــەی ئــەم دەســتەواژانەوە وێنەیەکــی شــیعری بەرکەوتنــی دروســت کــردووە.

**ب-وێنەی ژیری**

ئـەو جـۆرە وێنانـە دەگرێتـەوە کـە بـەر هیـچ یەکێـک لـە پێنـج هەسـتەکانی مـرۆڤ ناکـەون، واتـە ناهەسـتین و بـە وێنـەی مەعنـەوی نـاو دەبرێـن، بەهـۆی ژیرییـەوە بەرجەسـتە دەکرێـن "ئەگـەر وێنـەی هەستی بـەر یەکێـک لـە هەسـتەکان بکەوێـت ئـەوا وێنـەی زەینـی بـەر هیـچ کام لـە هەسـتەکان ناکەوێــت و وێنەیەکــی واتاییــە و لــە نــاوەوە هەڵدەقوڵــێ بەهــۆی هۆشــیارییەوە دەزاندرێــت" (یوســف، ٢٠١١، ل١٩١-١٩٢). واتـە وێنـەی زەینـی زیاتـر مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو وینانـە دەکات کـە لـە دەرەوەی پێنـج هەسـتەکانی مرۆڤـن.

**لە هاوەڵێکت پرسی بوو:**
**کابرای دڵبەرد..کابرای دڵسارد**
**ئەم هاوینەی چۆن ڕابوارد؟!**
**ئەم هاوینە!!!**
**لە باخی یادگارتدا..شەتڵ بووم**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:١١٣)

لــەم وێنەیــەدا ئــەوە بــە دەردەکەوێــت، کــە شــاعیر یارەکــەی بــە (دڵ ڕەق) و (دڵ ســارد) نــاوی بــردووە و وێنــای کــردووە، ئــەم دەســتەواژانەش واتــای مەعنەوییــان هەیـە، هیـچ کامێکیـان بـۆ واتـای فەرهەنگـی خۆیـان بـەکار نەهاتـوون، (دڵ) بـە واتـای ئەندامـی لـەشی مـرۆڤ نەهاتـووە، (بـەرد) و (سـارد) یـش بـۆ واتـای خۆیـان بـەکار نەهاتـوون، (دڵ) جێـگای سـۆزی مرۆڤـە، سیفەتی (ڕەقیـەتی بـەرد و سـارد) بـە مانـای (بـێ سـۆز) دێـت، بـۆ کەسـێک بـەکار دەهێنرێـت خۆشەویسـتی و میهرەبـانی و سـۆزی بـۆ بەرامبەرەکـەی نەبێـت، بـەم هۆیـەوە وێنەیـەک کـە بـەر هەسـتی ژیـری دەکەوێـت دروسـت بـووە.

**ڕووباری غەمی و.. غەمم خۆش ناوێ**
**بەڵام کاتێک**
**لە گیانمدا شەپۆل دەدەی**
**هەر زۆر زۆر زۆرم**
**خۆش دەوێی**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:١٤٩-١٥٠)

شـاعیر( یـار) ەکـەی بـە (ڕووبـاری غـەم) وێنـا دەکات، ئـەم دەسـتەواژەیەش واتـای مەعنـەوی هەیـە، (ڕووبـار) بـۆ واتـای فەرهەنگــی خــۆی بــەکار نەهاتــووە، بەڵکــو شــاعیر ســیفەتی ڕەوان، یـان ڕۆیشـتنی لـە ڕووبـار وەرگرتـووە، غەمەکـەی بـە نـاو نـاخ و دەروونیـدا دەڕوا و گـوزەر دەکات، کاتێکیـش شـەپۆل دەدات زیاتـر خـۆشی دەوێـت، بـەم هۆیـەوە وێنەیـەک کـە بـەر هەسـتی ژیـری دەکەوێـت دروسـت بـووە.

**دووەم:جــۆری وێنــە شــیعرییەکان لــە ڕووی پێکهاتــە و بنیاتــەوە**

**١-وێنەی تاک**

وێنــەی تــاک بچووکتریــن وێنەیــە خــۆی لــە تاکــە وێنەیەکـدا دەبینێتـەوە، "وێنـەی تـاک لـە ڕووی پێکهاتنـەوە وێنەیەکـی چالاکـە، لـە ڕێـگای شـیکردنەوەی وێنـە تاکەکانـەوە مەبەسـتی وێنـە ئاڵـۆزەکان ڕوون دەبنـەوە (عیسـا،٢٠٠٩،ل٨١). وێنـەی تـاک هەرچەنـدە بچووکـە، بـەڵام بـە چەنـد شـێوازێک دروسـت دەبێـت:

**أ-شێوازی هەستگۆڕكێ**

هەستگۆڕكێ بریتییە لە ئاڵوگۆڕكردنی سیفات و ئەركی هەستەكان بە بەكارهێنانی یەكێك لە هەستەكان لە بری یەكێكی تر، بۆ دەربڕینی بارێكی دەروونی "لە توانادا هەیە گوزارشت لە شتێكی دیاریكراو بكرێت لە شوێنی یەكێك لە هەستەكان لە ڕێگەی بەكارهێنانی واژەیەك، كە لە بواری هەستێكی ترەوە وەری دەگرێت. بەم جۆرە بینراو وەك بیستراو، بیسراو وەك بۆنكراو دەردەكەوێ بەمەش جەوێكی سروشداری مەودا دوور دەخوڵقێنێ" (حەسەن، ٢٠٠٤،ل١٣٠) بەم شێوەیە شاعیر داماڵین لە هەستەكان دەكات و لە زمانی ئاسایی ڕۆژانە دوور دەكەوێتەوە.

-گۆڕینی هەستی بیستن بۆ هەستی بەركەوتن و بینین:

**چرپەكانت بە گەردنما هەڵدەگەڕێن**

**چاوەكانم لەسەر گۆنات دەخلیسكێن**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:١٥٣)

شاعیر جێگۆڕكێی بە هەستەكان كردووە، (چرپە) كە دەنگێكی نزمە بەر گوێچكە دەكەوێت، شاعیر (كاری هەڵگەڕان) بۆ خواستووە و وایكردووە لە ڕێگەی بینین و بەركەوتنەوە هەستی پێ بكرێت، بەمەش وێنەیەكی جوانی سەرنجڕاكێشی هەستگۆڕكێ دروست بووە.

-گۆڕینی هەستی بیستن بۆ بۆنكردن:

**لەوەتەی بووی بە ئاشنام**

**گوێم ئاشنای، سەمفۆنیای عەتری دەنگتە و**

**گاڵتە بە مەرگی خۆم دەكەم**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:١٣٢)

شاعیر جێگۆڕكێی بە هەستەكان كردووە، (دەنگ) كە بەر هەستی بیستن دەكەوێت، شاعیر وایكردووە، (بۆنی) هەبێت، دەنگی یارەكەی بە (عەتر) وێنا كردووە، لە ڕێگەی بۆنكردنەوە هەستی پێ دەكرێت.

**ب-شێوازی ئاڵوگۆڕكردنی دركپێكراو**

**١-بەرجەستەكردن**

لەم شێوازەدا شتە واتاییەكان بەرجەستە دەكرێن، كە بە یەكێك یان زیاتر لە پێنج هەستەكە هەستیان پێ دەكرێت «واتا ژیرییەكان بكرێتە هەسپێكراو لە ڕێگەی زیادكردنی جووڵەیەك لەسەر ژیرییەكان، پاش بەخشینی سیفاتی گیانلەبەرە جووڵاوەكان پێی، كە شتە ژیرییەكان هەمان هەڵسوكەوتی مرۆڤ و ئاژەڵ و گیاندارەكانی دەبێت و وەكو هەستپێكراوەكان دەبێت، دەبینرێت، دەبیسترێت، دەستی لێ دەدرێت، بۆن دەكرێت، تام دەكرێت» (احمد،٢٠٢٢،ل٧٣) واتە بەرجەستەبوونی وشەی ناهەستییە، كە دەگوێزرێتەوە بۆ وشەیەكی هەستی و سیفەتێكی تازەی پێ دەبەخشرێت. شاعیر لە ڕێگەی خەیاڵ و ئەندێشەی فراوانەوە هەستی بەرجەستەكراو دەدات بە شتە مەعنەوییەكان.

**كەی بێ لە كۆشی ژیانا**

**دەست لە مل بین تا هێزمانە**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٣٤)

دیارە كەوا ژیان هەستێكی مەعنەوییە بەر پێنج هەستەكەی مرۆڤ ناكەوێت، بەڵام شاعیر جەستەی بۆ خواستووە (كۆشی ژیان) دیارە كە كۆش دەبینرێت و بەر هەستی بەركەوتنیش دەكەوێت، لەڕێگەی ئەم دەستەواژەیەوە وێنەیەكی جوانی بەرجەستەبوونی كێشاوە.

**مەلی هەستیشم بۆ باخی جوانان**

**دای لە شەقەی باڵ سرك و سەربەخۆ**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٥٨)

(هەست) كە شتێكی مەعنەوییە هیچ شێوە و قەبارەیەكی نییە و بەرجەستە نییە، بەڵام شاعیر گیانی بەبەردا كردووە، وەكو مەلێك كە لە شەقەی باڵ دەدات مامەڵەی لەگەڵدا كردووە، بەم هۆیەوە وێنەیەكی جوانی بەرجەستەی بنیات ناوە.

**٢-بەتەنكردن**

بەخشینی شێوەی (مەتریال) یە بە شتە مەعنەوییەكان، شاعیر قەبارە و بارستایی لە شتە مادییەكان وەردەگرێت. «بەتەنكردنیش (تجسیم) هەوڵ دەدات شتە ژیرییەكان بكات بەهەستی» (حەسەن،٢٠٠٤،ل١٣٧) كەواتە بەتەنكردن واتا پێدانی قەبارە بە هەموو ئەو شتانەی ژیرین و سیفەتی مەتریالییان نییە، شاعیر لە ڕێگەی خەیاڵەوە تەنێكیان بۆ دروست دەكات «تەن شتێكی گشتییە بە گیان و بێ گیان دەگرێتەوە. باشتر وایە بۆ بێگیان بەكار بێت لە كاتی دروستكردنی وێنەی شیعری شتە ژیرییەكانی

پـێ قـەوارە بکرێـت» (حەسـەن، ٢٠٠٤، ١٣٨).

-بەتەنکردن لە ڕێگەی هەستی (تام کردن و بینین):

**بـە ماچـی لێـو و خـەوی سـەر کـۆشی**
**شـەربەتی شـادی بـە لیـوان نـۆشی**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٣١)

(شـادی) شـتێکی مەعنەوییـە و هیـچ بارسـتایی و شـێوەیەکی دیاریکـراوی نییـە، شـاعیر هاتـووە بـە تـەنی کـردووە، شـێوە و بارسـتایی پێـداوە و ڕەنـگ و تامـی شـەربەتی پـێ بەخشـیوە، کـە بـەر هەسـتی بینیـن و چەشـتن دەکەوێـت.

-بەتەنکردن لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتن و بینین:

**کۆتـرانی شـیعری لان شـێواوی مـن**
**پەپوولـەی ڕوحـی دڵ ڕەنجـاوی مـن**
**لەسـەر تەنـافی شـەختەی غەریبـی**
**هەڵکورمـاون و ئێسـتاش دەلـەرزن**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٣٣٥-٣٣٦)

(غەریبـی) هەسـتێکی مەعنەوییـە هیـچ بارسـتاییەکی نییـە، لـە ڕێگـەی هەسـتی ژێرییـەوە هەسـتی پـێ دەکرێـت، بـەڵام شـاعیر لـە ڕێگـەی دەسـتەواژەی (شـەختە) وە ئـەم هەسـتەی بـە تەنکـردووە، لـە ڕێگـەی هەسـتی بەرکەوتنـەوە هەسـتی پـێ دەکرێـت، شـاعیر مەبەسـتی ساردی شـەختەکەیە، لە کۆتـا دێـر ئـەوەی ڕوون کردووەتـەوە چـۆن (کۆتـری شـیعرەکانی و پەپوولـەی ڕۆحـی) بەهـۆی ئـەم ساردییەوە هەڵکورمـاون و دەلـەرزن، هەروەهـا (ڕۆح) شـتێکە تەنیـا لـە ڕێگـەی هەسـتی ژێـری هەسـتی پـێ دەکرێـت، شـاعیر وای کـردووە ببینرێـت لـە ڕێگـەی دەسـتەواژەی (پەپوولـە)، بـەم هۆیـە وێنەیەکـی شـیعری بەتەنکـردن، کـە بەرهەسـتی (بەرکەوتـن و بینیـن) دەکەوێـت دروسـت بـووە.

**٣-بەکەسکردن**

لـەم ڕێگەیـەوە بنیـاتی وێنـەی تـاک پێـک دێـت، شـاعیر سـیفاتی مـرۆڤ دەبەخشـێت بـە پێکهاتـەکانی سروشـت، زینـدوو بـن، یـان بـێ گیـان بـن ژێـری بـن یاخـود بەرجەسـتە بـن، «بریتییـە لـە پێـدانی تایبەتمەندییـەکانی مـرۆڤ بـە شـتە نازینـدووەکان، یـان دروسـتتر بڵێیـن پێـدانی تایبەتمەندییـەکانی مرۆڤـە بـە نامـرۆڤ» (کانـەبی، ٢٠٠٩، ل٤٤) بەرهەمـی ئەندێشـەی فـراوانی شـاعیرە، بـۆ بەکەسـکردنی هـەر پێکهاتەیـەک لـە بێگیـان و گیانـدار، کـە لـەم گەردوونـەدا هەیـە.

**خۆزگـە دیوانـەی شـاران بوومایـە**
**لـە نیـوە شـەودا مانـگ بـۆم بدوایـە**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٣٢)

لێـرەدا شـاعیر (مانـگ) ی بـە مـرۆڤ کـردووە، دیـارە دوان و قسـەکردن تایبەتـە بـە مـرۆڤ، شـاعیر لـە ڕێگـەی خەیاڵـەوە ئـەم تایبەتمەندییـەی بـە مانـگ بەخشـیوە.

**گوڵێکـی بـەرزی گـەش و پـەڕە جـوان**
**گـۆرانی ئـەوت بەسـتەی دڵـداران**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٣٥)

گـۆرانی وتـن کاری مرۆڤـە، شـاعیر ئـەم کارەی بـۆ گـوڵ بـەکار هێنـاوە، لـەم ڕێگەیـەوە وێنەیەکـی بەکەسـکردنی دروسـت کـردووە، کـە لـە ڕێگـەی هەسـتی بیسـتنەوە هەسـتی پـێ دەکرێـت.

**٢-وێنەی لێکدراو**

ئـەم جـۆرە وێنـە لـە ئەنجامـی لێکـدانی دوو وێنـە، یـان زیاتـر پێـک دێـت «بریتییـە لـە دوو وێنـەی تـاک، یـان زیاتـر یەکیـان گرتـووە و ئاوێتـەی یـەک بـوون بیرۆکەیەکیـان خسـتۆتە ڕوو کـە ئاڵۆزتـرە لـە بیرۆکـەی سـاکار» (حەسـەن، ٢٠٠٤، ل١٤٧) شـاعیر ئـەو کاتـە پەنـا دەباتـە بـەر ئـەو جـۆرە وێنەیـە کـە بـۆی نەگونجـێ بـە تەنهـا وێنەیـەک بیرۆکەکـەی دەرببڕێـت، واتـا بـە تەنهـا وێنەیـەک ناتوانێـت ئامانجەکـەی بپێکێـت.

**ئاگرێکم**
**بەرد و پۆڵا دەتوێنمەوە**
**ئەگەر ڕۆژێک**
**کەلەپچەیان پێ کردم بۆ هاومەستم**
**بمکوژێننەوە.**
**نەمامێکم**
**هەزار گوڵی ئاڵم پێیە**
**ئەگەر ڕۆژێک**
**بۆ تاوانێک، نووکی نێزەیان لێ بەستم**
**بمبڕنەوە.**
**ڕووبارێکم**

**شیری خاوێنم پیا دەڕوا**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٢٤٩)

شـاعیر خـۆی بـە (ئاگـر و نەمـام و ڕووبـار) چواندنـەوە، لـە ڕێگـەی ئـەم دەسـتەواژانەوە وێنەیەکـی لێکـدراوی سـەرنجڕاکێشی دروسـت کـردووە، کـە لـە ڕێگـەی هەسـتی بینیـن و بەرکەوتنـەوە هەسـتی پـێ دەکرێـت.

**ئەی تاڤگەی ڕەشی تەسریحە**

**ئەی تاریکیی شەوی ڕژاو**

**ئەی بارانی عەتراوی خاو**

**ئەی گەردەلوولی داهێنراو**

**بەس بیشارەوە گەردنی**

**خنکام..بۆ پرشەیەک هەتاو**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:١٢١)

شـاعیر قـژی یارەکـەی بـە (تاڤگە-تاریکـی شـەو-باران-گەردەلـوول) دەچوێنـێ، ڕووخسـاریشی بـە (هەتـاو) لـە ڕێگەیـەوە وێنەیەکـی سـەرنجڕاکێشی لێکدراومـان بـۆ دروسـت دەکات، کـە بـەر هەسـتی بینیـن دەکـەون.

**٣-وێنەی گشتی**

بریتییـە لـەو جـۆرە وێنەیـە، کـە وێنـە تـاک و لێکـدراوەکانی تیـادا کـۆ دەکرێتـەوە، واتـە وێنـەکان دەچنـە پـاڵ یەکـتر و بـە هەموویـان وێنەیەکـی گشـتی دەکێشـن، کـە واتـای شـیعرەکە دەخاتــە ڕوو، «لــە کۆمەڵــە وێنەیەکــی تــاک و لێکــدراو پێــک دێــت کــە لــە دەوری تەوەرێکــی شــعوری و بیریــدا دەســوڕێتەوە» (حەســەن، ٢٠٠٤، ل١٥٤-١٥٥) وێنــە لەنــاو پێکهاتـەی خۆیـدا سـەربەخۆیە، بـەڵام بەهـۆی پەیوەنـدی و تەواوکـەری یەکـتری لەگـەڵ وێنـەکانی تـردا، وێنەیەکـی گشـتی پێـک دەهێنـن.

**وەک چاوی کوێر بۆ بینایی**

**وەک لێوی وشک بۆ تەڕایی**

**حەزم لێتە و**

**بیرت دەکەم**

**وەک سایەقەی پاشی باران**

**وەک پێکەنینی دوای گریان**

**وەک هەناسەی دەمی خنکاو**

**وەک تینوێتی (حسێن) بۆ ئاو**

**بیرت دەکەم**

**بیرت دەکەم وەک ڕۆژانی**

**باوەخوونی لێکبڕانی**

**زاوا..لە بووک**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:١١٢)

شـاعیر لـە ڕێگـەی چەنـد وێنەیەکـی تاکـەوە لەسـەر بنەمـای لێکچوانـدن گوزارشـت لـە بارودۆخـی دەروونی خـۆی دەکات و وێنەیەکـی گشـتی دەکێشـێت، وەک (کەسـێکی نابینـا بـۆ چـاو)، (کەسـێکی تینـوو بـۆ ئـاو)، (سـایەقەی دوای بـاران)، (کەسـێکی خەمبـار ئـاواتی پێکەنیـن و شـادی بێت)،(هەناسـەیەک بـۆ کەسـێکی خنـکاو)، (دابـڕانی تـازە زاوایـەک لـە هاوسـەرەکەی)، شـیعرەکە لـە سـەرەتاوە تـا کۆتایـی بـە دەوری یـەک بیـردا دەخوولێتـەوە ئەویـش (بیرکـردنی کەسـێک یـان شـتێکە).

**لەم هەرێمەدا**

**خۆشەویستی خامە و دەکرێ..بە دەرپێ**

**خامە و تەرمی دڵدارانی تێ دەخرێ**

**خامە و دەسرۆکەی سەرچۆپی**

**لێ دروست دەکەم**

**لەم هەرێمەدا**

**خۆشەویستی گوریسە و ئاژەڵی پێ دەبەستنەوە.**

**گوریسە و گەردنی شیعری تێ دەخرێ**

**گوریسە و دیلانێی بۆ دەستگیرانەکەم**

**لێ دروست دەکەم.**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:١٩٠)

شـاعیر لـە ڕێگـەی چەنـد وێنەیەکـی تـاک و لێکـدراو (خۆشەویسـتی) یـان (پەیوەندیـی خۆشەویسـتی نێـوان کـوڕ و کـچ)ی بـە (خام-جۆرێکـە لـە قوماش)چوانـدووە بـۆ (جلوبـەرگ) و بۆ(پۆشـینی مـردوو) بـەکار دەهێنرێـت، دواتـر خۆشەویسـتی بـە (گوریـس) چوانـدووە، (گەردەنیـشی لـە مرۆڤـەوە خواسـتووە بـۆ شـیعرەکانی بـەم گوریسـە دەخنکێنرێـت)، شـاعیر لـە ڕێگـەی هەمـوو ئـەو وێنانـە گوزارشـتی لـە بیرێـک کـردووە ئەویـش (قبـوڵ نەکـردنی خۆشەویسـتییە لـە کۆمەڵگەکـەی).

**سێیەم: وێنە لە ڕووی جووڵەوە (وەستاو و جووڵاو)**

**١-وێنەی وەستاو**

وێنـەی وەسـتاو ئـەو وێنەیەیـە کـە وەسـفی شـتێکمان بـۆ دەکات کـە لـە جموجـۆڵ کەوتـووە و لـە دۆخێکـی جیگیـر و وەسـتاودایە "وێنــەی وەســتاو پیشــاندانی بــاری وەســتاوی شــتێک، یــان دیاردەیەکــە لــە کات و شــوێنێکی دیاریکــراودا" (عزالدیــن،٢٠١٩، ل٢٦٩) لــە وێنــەی وەســتاودا کــردارەکان بەردەوامیــان تیــا نامێنێــت. "نەبــوونی کار لــە وێنــەدا توانــای بزاوتنــی لــێ دەســێنێتەوە و جۆرێــک لــە وەســتانی پــێ دەبەخشــێت" (حســین، ٢٠٠٨، ٣٧٣) بۆیــە وێنــەی وەســتاو گەشــەکردنی تیــادا وەســتاوە.

**تـۆ پەیکەرێکـی بـەردی بـێ گیـان بـووی**

**تـۆ دوو چـاوی سـوور، پـڕ لـە گریـان بـووی**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٣٧٢)

شـاعیر یارەکـەی بـە (پەیکەرێکـی بـەردی بـێ گیـان)ی بـێ جووڵـە دەچووێنـێ، ئەوکارانەیـشی کـە لـە وێنـە شـیعرییەکە بەشـدارن ڕابــردوون، لــەم ڕێگەیــەوە وێنەیەکــی وەســتاوی بنیاتنــاوە، کــە بــەر هەســتی بینیــن و بەرکەوتــن دەکەوێــت.

**دەم وەک خونچە، نیگا پڕشنگ چاو گەلاوێژ**

**قژ تەڵایی خاو گفتی شیرین**

**گەردەن نیزار مەم وەک هەنار دەم بە گوڵان**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٤٣)

شـاعیر چەنـد وێنەیەکـی شـیعریی جـوانی لـە جـۆری وەسـتاو بنیــات نــاوە، لــە ڕێگــەی چەنــد لێکچواندنێکــەوە،(دەم)ی یارەکـەی بـە (خونچـە) و (چـاوەکانی) بـە (گەلاوێـژ)، (گـەردەن) ی بـە (نیـزار) و (مەمـک) ی بـە (هەنـار) چوانـدووە، پێکهاتـەی وێنــە شــیعرییەکان لــە گەشــە و جووڵــە وەســتاون، هیــچ کارێکیــش لــە وێنــە شــیعرییەکاندا بەشــدار نییــە، بەمــەش وێنـە شـیعرییەکان لـە گەشـە و جووڵـە وەسـتاون.

**٢-وێنەی جووڵاو**

ئــەو جــۆرە وێنانــە دەگرێتــەوە کــە لــە بنیــاتی گشــتی شـیعرەکەدا لـە بارێکـی بەردەوامـی جووڵـە و گەشـەکردندان و دیمەنـەکانی لـە بارێکـەوە بـۆ بارێکـی تـر دەگۆڕێـن؛ "وێنـەی جــووڵاو ئــەو وێنەیەیــە کــە تیشــکەکانی لــە گەشەســەندن نەکەوتــوون و ســنوورەکان ناتوانــن بەربەســتیان بکــەن، بەڵکـو بـەردەوام تیشـکی نـوێ دەبەخشـن و گەشـە دەکـەن" (عزالدیـن، ٢٠١٩، ل٢٧٠) بـە تایبـەت ئەگـەر کارەکان پۆزەتیـڤ بــن، واتــە وێنــەی جــووڵاو ئــەو وێنەیەیــە لــە جووڵــە نەکەوتـووە و بەردەوامـە لـە گەشـەکردن، بەهـۆی ئـەو کارەی تێیـدا بـەکار دێـت.

**تاڵــی قــژی ڕەش تــەلی کەمانــە**

**ژیــان پــڕ ئــەکا لــە نەغمــە و ئــاواز**

**دەنگێـک پەخـش ئـەکا بـە نووکـی شـانە**

**مــردووی گۆڕســتان ئەخاتــە ســەر ڕاز**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٥٢)

شـاعیر وێنەیەکـی شـیعریی لـە جـۆری جـووڵاو بنیـات نــاوە، (تاڵــەکانی قــژی ) یارەکــەی بــە (تــەلی کەمــان) چوانـدووە، بەهـۆی (نووکـی شـانە) کـە وەکـو چـۆن (پەنجـە) ئالـەتی کەمـان دەژەنێـت و دەنـگ پەخـش ئـەکات، نووکـی شــانەیش کــە بــەر پرچــی یــار دەکەوێــت هەمــان دەنــگ پەخـش ئـەکات، ئـەم دەنگەیـش بەجۆرێکـە کار لـە مـردووی گۆڕســتانیش ئــەکات، جگــە لــەوەی ئــەو کارانــەی کــە بەشـدارن لـە وێنەکـەدا ڕانەبـردوون و لـە گەشـە و جووڵـەدان. پێکهاتــەی وێنــە شــیعرییەکەش لــە جووڵــە و گەشــەدایە.

**ئەی لۆکەی بۆدرەی گۆنا**

**ئەی هەوری پەمەیی شەیدا**

**کەم خۆت هەڵسوو لەو کوڵمانە**

**دڵی تینووم ئەوا خنکا**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:١٢٢)

شــاعیر وێنەیەکــی شــیعریی لــە جــۆری جــووڵاو دەخوڵقێنــێ، (لۆکــەی بــۆدرەی گۆنــا) کــە پارچــە لۆکەیەکــە ئافرەتـان بـۆ جوانـکاری و ڕەنگکـردنی گۆنـا بـەکار یدەهێنـن، شـاعیر بـە (پەڵـە هەورێـک) ی دەچوێنێـت خەریکـی خـۆ هەڵســوونە لــە گۆنــای یارەکــەی، کەواتــە کاری وێنەکــە لــە جووڵەدایـە و وێنەیەکـی شـیعری جـووڵاوی دروسـت کـردووە، کــە بــەر هەســتی بینیــن و بەرکەوتــن دەکــەون.

**چوارەم: جۆرەکانی وێنە بەپێی شێواز**

**١-وێنەی ئەفسانەیی**

ئەفسانە پانتاییەکی فراوانی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا داگیر کردووە، شاعیریش سوودی لە ئەفسانەی کوردی و جیهانییەکانیش بینیوە، وەکو ڕەمزێک بەکاری هێناوە بۆ مەبەستی سیاسی و دڵداری "ئەفسانە بەرهەمی لەمێژینەی هەموو مرۆڤایەتییە و بەرهەمێکی هەمەلایەنەیە و لە ئەنجامی پێداویستییەکانی ژیان و ئارەزووە لە بن نەهاتووەکانی مرۆڤ کەڵەکەی کردووە و کۆ بووەتەوە گەیشتۆتە ئەمڕۆ، لەو ڕۆژەوە مرۆڤ چاوی کراوەتەوە و بیری کردۆتەوە و زمانی پژاوە، ئەفسانەش بە شێوە سەرەتاییەکەی خزاوەتە ناو بیرکردنەوەی" (حەسەن،٢٠٠٧،ل٦٠) شاعیر وەکو ئامرازێکی هونەری بە مەبەستی خوڵقاندنی لایەنی ئێستاتیکا و بەهێزکردنی بابەتێک بەکاری هێناوە. "ئەگەر لە کونجی فەلسەفەوەش بڕوانینە ئەفسانە، ئەوا دەتوانین بە جۆرێکی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دابنێین، هەروەک بە هەوڵدانێکی سەرەتایی ئادەمیزاد دەزانرێ بۆ ئەوەی لە جیهان بگات و جیهان بناسێ" (شارەزا، ٢٠٠٥، ل٨) شاعیریش بە گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکانی گەلان داهێنان و تازەگەری لە شیعرەکانیدا کردووە. "سەرکەوتنی شاعیر لە تاقیکردنەوەی ئەفسانەیی دا بۆ داهێنانی شیعری نوێ بەندە بە زیرەکی و لێهاتوویی خۆی لە بەکارهێنانی کەرەستە و ڕەمز و بابەتەکانی لە ناو هەیکەلی بابەتە شیعرییەکەدا و چۆنیەتی دەربڕینی خێر و شەڕی ئەو ئەفسانەیە" (شارەزا، ٢٠٠٥، ل٨٥). لە شیعرەکانی (دڵشاد مەریوانی)دا ئەفسانە بۆ چەند مەبەستی سیاسی و دڵداری بەکار هاتووە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکەین:

بەکارهینانی ئەفسانە وەکو ڕەمزێکی سیاسی لە لای شاعیر (دڵشاد مەریوانی):-

**سام: دێوێکی مەڕنەموکە**

**مەرگ درنجە، قەبە و زل و ڕەوشت سوکە**

**ئەوەی کە لە ناویان دەبا و لێی دەتۆقێن**

**کیژۆڵەیەکی خوێندکاری، شارە جوانەکەی کەرکووکە.**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٢٨٩)

شاعیر ڕەمزی (دێو و درنجی) بەکار هێناوە کە لە ئەفسانە کوردییەکان زۆر بەکار هاتووە، مەبەستی شاعیر لەم دەستەواژانە داگیرکەرانی کەرکووک و کوردستانە.

-بەکارهێنانی ئەفسانەی جیهانی و ڕۆژهەڵاتی، بە مەبەستی دڵداری و وەسفکردنی یارەکەی:

**گیانی دڵە خوای جوانی**

**تیشکی خۆری دەم بەیانی**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٦٨)

شاعیر سوودی لە (خوداوەندی جوانی ) گریکی و ڕۆمانی وەرگرتووە، بۆ وێناکردنی جوانی و وەسفکردنی خۆشەویستەکەی.

**٢-وێنەی ڕەمزی**

ڕەمز زمانی دەربڕینی ئەو شتانەیە کە مرۆڤ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ کردووە، نەیتوانیوە بە ئاشکرا و ڕوونی بیاندرکێنێ هەر ئەمەشە وای کردووە شاعیران پەنا بەرنە بەر بەکارهێنانی ڕەمز. "وێنەیەکی هەستیی ئامانجدارە و ئاماژە بە مەغزایەکی دوور دەکات. باشترین جۆری ڕەمز ئەوەیە ئاماژەیی بێت و ئاشکرا نەبێت» (التونجی،١٩٩٩، ص٥٩٢) زۆر جار شاعیر بە هۆکاری سیاسی، یان کۆمەڵایەتی ڕەمز بەکار دەهێنێ، چونکە ناتوانێ بە ئاشکرا ئەوەی مەبەستییەتی بیدرکێنێ. «ڕەمز زەمینە بۆ شاعیر خۆش دەکات وەک دەمامک بەکاری بهێنێ بۆ مەبەست و تێڕوانینە تایبەتەکانی خۆی، لەبەر هەر هۆیەک بێت ناتوانێ بە سەربەستی و بە ئاشکرا دەریان ببڕێت» (محمود،٢٠٠٧،ل١٦٩) ڕەمز جگە لەوەی شاعیر وەکو دەمامکێک بەکاری دەهێنێت بۆ دەربڕینی بابەتێک کە خۆی مەبەستیەتی، جوانیش بە لایەنی هونەریی شیعرەکە دەبەخشێت. «ڕەمز وەک پێویستییەکی شیعری هاتۆتە ناو شیعر، بۆ دەرخستنی ئەو لایەنە بەپێز و جوانانەیە کە لە ناو پرۆسەی داهێنانی شیعردا بە لایەنی جوانکاریی شیعر گرێ دراوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕەمز لەم حاڵەتەدا لە یەک کاتدا بۆتە هۆ و مەبەست» (صابر،٢٠٠٥،ل٥٣٨).

**ڕۆژانێک بوو**

**دایکت، باوکت**

**بە ڕەنجی شان**
**تۆیان بە ناز پێ ئەگەیان**
**کەچی لە پڕ**
**ئەهریمەنە، ناکەسەکە**
**شەڕێکی شومی داگیرسان**
**لەو گوندەی پڕ بوو لە ژیان**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٣٨٠)

شـاعیر دەسـتەواژەی (ئەهریمـەن) ی بـەکار هێنـاوە کـە لـە ئایینـی زەردەشـتییەکان ڕەمـزە بـۆ شـەڕ و خراپـی، شـاعیر وەکـو ڕەمزێـک بـەکاری هێنـاوە بـۆ (دەسـەڵاتداریی ئەوکاتـەی عێـراق، ڕژێمـی بەعـس)، مەبەسـتیش لەبەکارهێنـانی ئـەم ڕەمـزە ڕووی لێکچـوونی خراپەکانیانـە، ڕژێمـی بەعـس گونـد و ناوچـەکانی کوردسـتانی بـە تـاڵان بـردووە و سـووتاندوونی و خەڵکـی لەنـاو بـردووە.

**نیشتیمان**
**هەنگی خۆی هەیە و**
**بە هەنگوین دزەوە، دەدا**
**گەرچی دەشزانێ**
**دەمرێ**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٢٠٢)

شـاعیر (هەنـگ و هەنگویـن دزی بـەکار هێنـاوە) دیـارە مەبەسـتی شـاعیر لـە (هەنـگ) پێشـمەرگەیە، کـە بەرگـری لـە خـاک و نیشـتیمان دەکات و ئامادەیـە لـە پێناویـدا خـۆی گیـانی خـۆی بەخـت بـکات، مەبەسـتیش لـە (هەنگویـن دز) داگیرکـەرانی خـاک و وڵات دەگەیەنێـت. ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت بـە هـۆی بارودۆخـی سیاسـییەوە شـاعیر سانسـۆری لەسـەر بـووە، بۆیـە لـە ڕێگـەی ڕەمـزەوە ئـەوەی مەبەسـتی بـووە پێکاویـەتی.

**تەوەری سێیەم**
**سەرچاوەکانی وێنەی شیعری**

وێنـەی شـیعری، یەکێکـە لـە هونـەرەکانی بنیاتنـانی شـیعر، هـەر لـە خـۆوە دروسـت نەبـووە، بەڵکـو بەرجەسـتەبووی کۆمەڵێـک سـەرچاوەی جیـاوازە، کـە خـۆی لـە دەوروبـەری هەسـت و دەروونی شـاعیر و ڕۆشـنبیریی گشـتی نەتـەوە دەبینێتـەوە، ئـەم سـەرچاوانەش دابـەشی سـەر دوو جـۆر دەبـن (سـەرچاوەی خـودی و سـەرچاوەی بابـەتی):

**یەکەم: سەرچاوەی خودی**

بریتییـە لـەو سـەرچاوانەی کـە گوزارشـت لـە بیـر و تێڕوانینـی شـاعیر دەکات بـۆ دیـاردەکانی دەوروبـەر «هـەر ئەزموونێـک.. وێنەیەکـی نـوێ بخاتـە ڕوو بـە سـەرچاوەیەکی خـودی لـە قەڵـەم دەدرێـت. ئـەو وێنانـەی کـە شـتە پەنهانـەکانی دەروون یاخـود گەردوونیـش دەخەنـە بـەر دەس بـە وێنەیەکـی سـەرچاوەی خـودی لـە قەڵـەم دەدرێ، چونکـە بـە بەرجەسـتەکردنی هەسـت و سـۆز و مەشـاعیری شـاعیر دادەنرێـن و بیـر و بۆچـوونی خۆیـەتی و بیـروڕای کـەسی تـری تێکـەڵ نەبـووە» (حەسـەن،٢٠٠٤،ل٢٧٩) واتـە سـەرچاوەی وێنـەکان فەرهەنگـی وشـە و بەرهەمـی خەیاڵـی فـراوانی خۆیـەتی، گوزارشـت لـە هەڵوێسـتە خودییـەکانی دەکات.

**ئەی دەریا..**
**خەوم دەدی ڕۆژێک لە ڕۆژان**
**سەرم بخەمە سەر ڕانی تەنیا شەپۆلێکت و بنووم**
**کەچی بووکێکی دەریایی وات پێ بەخشیم**
**ڕازی کردم: سەری هەموو**
**ئەستێرە و درەخت و شەپۆلەکان**
**بخەمە سەر ڕانم**
**لای لایەیان بۆ بکەم و ماندوو نەبم**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:١٦٣)

شـاعیر ڕووی دەمـی لـە دەریـا دەکات و بـاسی خـەون و هیـواکانی خـۆی بـۆ دەکات، وەک مرۆڤێـک مامەڵـەی لەگـەڵ دەکات، هیـوای خواسـتووە لەسـەر ڕانی شـەپۆلەکانی بخـەوێ، کەچـی دەریـا بووکـی دەریایـی پـێ بەخشـیوە، کـە مەبەسـتی یارەکەیـەتی، بووەتـە سـەرچاوەی هیـوا و شـادییە بـۆ ئـەم و هێزێکـی وای بـە شـاعیر بەخشـیوە ببێتـە هەڵگـری خەمـی

هەمـوو جیهـان. هەمـوو ئـەم وێنانـە لـە هەسـت و سـۆز و دەروونی شـاعیرەوە هەڵقـوڵاون.

**من پەپوولەیەکی ڕواوم**
**تۆ گوڵێکی باڵداری**
**هەڵدەفڕی**
**خۆت بە گەردنما هەڵدەواسی**
**توند دەست بگرە با نەکەوی**
**ئاگادار بە**
**ئاگادار بە**
**زەوییەکەی ژێرم کێڵگەی گوێزانە**
**توند دەست بگرە**
**با نەکەوی.**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:١٦١-١٦٢)

شـاعیر یارەکـەی بـە (گوڵـی باڵـدار) وێنـا دەکات، کـە واتایەکـی نالۆجیکـی دەگرێتـە خـۆی، چونکـە گـوڵ دەڕوێـت و توانـای فڕینـی نییـە، (بـاڵ و فڕینـی ) بـۆ خواسـتووە و وەکـو باڵدارێـک مامەڵـەی لەگەڵـدا کـردووە، خۆیـشی بـە (پەپولـەی ڕواو) چوانـدووە، پەپوولـەی بـە ڕووەک یـان نەمـام کـردووە، توانـای فڕینـی لـێ وەرگرتووەتـەوە بـە هـۆی سـیفەتی (ڕواو) ەوە، بـە هـۆی خەیاڵـی فـراوانی خۆیـەوە ئـەم وێنـە شـیعرییەی بنیـات نـاوە، ئـەو زەوییـەشی لـە سـەری نیشـتەجێن بـە (کێڵگـەی گوێـزان) وێنـای کـردووە، کـە ئاماژەیـە بـۆ ئـەو کۆمەڵگەیـەی لێـی دەژیـن، ژینگەیەکـی دژوار و مەترسـیدارە، بـۆ پەیوەندیـی خۆشەویسـتیی نێـوان کـوڕ و کـچ، یارەکـەی پـێ ئـاگادار دەکاتـەوە، تـا وریـا بێـت نەکەونـە نـاو ئـەم مەترسـییەوە.

**دووەم: سەرچاوەی بابەتی:**

جگـە لـەو وێنـە شـیعریانەی کـە سـەرچاوەکەیان خـودی شـاعیرە، ئـەوا هەمـوو ئـەو سـەرچاوە دەرەکییانـە دەگرێتـەوە کـە شـاعیر بـۆ پێکهێنـانی وێنـە شـیعرییەکانی سـوودیان لـێ دەبینێـت، هەرچەنـدە ئـەم سـەرچاوانەش تێکـەڵ بـە تێڕوانینـی شـاعیر دەبـن. ئەوانیـش:

**١-سەرچاوەی نەتەوەیی:**

**أ-سەرچاوەی ئەدەبی پێشین:**

شـیعریی شـاعیرانی کلاسـیک دەگرێتـەوە، لەگـەڵ شـاعیرانی قۆناغـی شـیعری نـوێ وەک (گـۆران و هەردی...هتـد) کـە بوونەتـە سـەرچاوەیەکی فـراوانی فەرهەنگـی شـیعریی لای شـاعیرانی دوای خۆیـان. واتـا کاریگـەر بـوون بـە وێنـە شـیعرییەکانی قۆناغـی کلاسـیک و نـوێ. بۆنموونـە (سـووتانی پەروانـە) ئـەم وێنـە شـیعرییە یەکێکـە لـەو وێنـە دیـار و زەقانـەی نـاو شـیعریی کلاسـیکی کـوردی و ئەدەبیـاتی ڕۆژهەڵاتیـی بەگشـتی، (دڵشـاد مەریوانـی) لـە پێکهێنـانی وێنەیەکـی شـیعریدا سـوودی لـەم وێنـە شـیعرییەی کلاسـیک وەرگرتـووە. بـۆ نموونـە (نـالی) لـە دێـرە شـیعرێکدا خـۆی بـە (پەروانـە) و کوڵمـی یارەکەیـشی بـە (چـرا) دەچوێنێـت.

**وەکوو پەروانە بە شەو هێندە بە موشتاقی دێم**
**بە چرای کوڵمتەوە، ڕەنگە عەسەس لێم بگەڕێ**

(مدریس،١٣٦٤ شمسی، ل٦٥٣)

هەمـان ئـەم وێنـە شـیعرییە لـە لای شـاعیر (دڵشـاد مەریـوانی) بـە دەردەکەوێـت، هـەر وەک لـەم نموونـە شـیعرییەدا دیـارە:

**چرا و نوری شەو کوڵمی ئاڵتە**
**ئاوێنە بەندی چاوی کاڵتە**
**منیش پەروانەی ئەم چراخانەم**
**سەر مەزاریشم گۆنا و خاڵتە**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٨١-٨٢)

**ب-کەلەپووری میللی**

یەکێکـە لـەو سـەرچاوانەی کـە شـاعیر لـە کێشـانی وێنـە شـیعرییەکانیدا سـوودی لـێ بینیـوە، هەمـوو ئـەو کەرەسـتە و سـامانە فۆلکلۆرییـە دەگرێتـەوە کـە لـە بـاب و باپیرانمـان بۆمـان ماوەتـەوە. وەک (پەنـدی پێشـینان و قسـەی نەسـتەق و حکایەت..هتـد)، ئـەو سـەرچاوە کەلەپوورییانـە لـە خـوارەوە دەخەینـە ڕوو، کـە شـاعیر (دڵشـاد مەریـوانی) سـوودی لـێ بینیـوە لـە وێنـە شـیعرییەکانی:

**١- پەندی پێشیان:**

(دڵشـاد مەریـوانی) لـە وێنەیەکـی شـیعریدا، سـوودی لـەم پەنـدە کوردییـە وەرگرتـووە: **(ئاگـرە سـورە لـە خـۆم دوورە)**، کـە بووەتـە ڕەمـزی ئـەو کەسـانەی کـە بـە دوای بەرژەوەندیـی خۆیـەتی و گـوێ نـاداتـە بەرژەوەندیـی گشـتی، یـان بـۆ دەربـاز بـوون لـە ڕووداوێـک بـەکار دێـت.

**لەمێژەوە بە شەق لە دەرگاکان دەدەن**
**هاوار دەکەن (کێ پیاوە کێ؟ کێ لە ماڵە)**
**لەودیو.. دەنگێکی کزۆڵە..بۆی دەلەرزێ**
**ئەرێ قوربان پیاوت دەوێ؟..ئەمە حاڵە**
**ئێمە پیاومان-کەی لە ماڵە!**
**(شوکر و موکر. .ئاگرە سوورە**
**لێمان دوورە)**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٩٩)

شاعیر وێنەی ئەو ساتە وەختە دەکێشێت، کە چۆن پیاوانی بەعس لە دەرگای ماڵەکان دەدەن بۆ بردنی، یان دەستگیرکردنی پیاوان، کەسێکیش لەو دیو دەرگاوە وەڵامیان دەداتەوە، بۆ ئەوەی پیاوی ماڵەکە بپارێزێت ئەم پەندە دەڵێت (ئاگرە سوورە لێمان دوورە) لە بری ئەوەی بڵێت ئێمە لە کێشە دوورین و خەڵکیش کەیفی خۆیەتی، لە هەمان کاتیشدا خۆیانی ڕزگار کردووە لە دەسەڵات.

**٢-ئیدیۆم:**

**(چییە لێمان بووی بە ئەستێرەی سیوەیل)؛** ئەمە ئیدیۆمێکی ڕۆژانەیە بەو کەسانە دەوترێت کە ماوەیەکی زۆر ون دەبن و دەرناکەون، یان کەم کەم دەردەکەون، ئیدیۆمەکە بۆ دەربڕینی خۆشەویستی و تامەزرۆیی کەسێکە کە دیار نییە و کەم بەرچاو دەکەوێ. شاعیر سوودی لەم ئیدۆمە وەرگرتووە، کردوویەتی بە سەرچاوەی وێنە شیعرییەکەی.

**من وەکو پەروانە دایم حەز بە بینینت ئەکەم**
**تۆ کە ئەستێرەی سیوەیلی خۆت ناخەیتە دیدەنی**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٣٣)

**٣-گۆرانی فۆلکلۆری:**

لە شیعرێکدا سوودی لەو گۆرانییە فۆلکلۆرییە وەرگرتووە، کە دەڵێت: **(دە مەگری مەگری چاوانت ئێشێ)**

**کوچە و شەقامت**
**بۆ هاوڕێیانت**
**کردە ئاگردان**
**(دە مەگری مەگری چاوانت ئێشێ)**
**بووە دروشمی هیوا نەبڕان**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل٣٠٩)

شاعیر لە وەسف و ستایشی شەهیدێکی نەتەوەکەی باسی ئەو کار و کردەوە چاکانەی دەکات، کە بۆ وڵاتەکەی بە ئەنجامی گەیاندووە، شەهید بۆ ئەوەی هاوڕێیانیشی لەسەر ڕێگەکەی ئەو بن و خەبات بکەن، ئەم گۆرانییەی بۆ هاوڕێیانی گوتووە وەکو دروشمێک بەکاری هێناوە، لە بری ئەوەی پێیان بڵێت گریان سوودی نییە هیواتان هەبێت و تێ بکۆشن.

**٤- داستان:**

یەکێک لەو داستانانەی کە شاعیر لە شیعرەکانیدا سوودی لێ وەرگرتوون و وێنەی شیعری لێوە دروست کردوون، داستانی شیرین و فەرهادە؛ (شیرین و فەرهاد داستانێکی دڵداری بەناوبانگە، لەسەردەمی دەسەڵاتی (خوسرەو پەروێزی ساسانییە)، لە هەندێک لە گێڕانەوەکان هاتووە خوسرەو میری ساسانی، شازادەی ئەرمەن، (شیرین) ی زۆر خۆش ویستووە، لە لایەکی تریشەوە شیرین کەوتووەتە داوی خۆشەویستیی قووڵی فەرهادەوە، فەرهاد ئەندازیارێکی زیرەک و لێهاتوو بووە و ئەویش شیرینی زۆر خۆش ویستووە، کاتێک میر ئەمە دەزانێ زۆری پێ ناخۆش دەبێت، بۆیە فەرهادی بۆ ئەنجامدانی کارێکی زۆر ئەستەم ناردووە، بۆ ئەوەی لە شیرینی دوور بخاتەوە، خوسرەو داوا لە فەرهاد دەکات لە چیایی بەرزی بێستوون تونێلێک دروست بکات، بۆ ئەوەی ئاو بۆ کرماشان ڕابکێشێت، دواتر میر خوسرەو تەڵەیەک بۆ فەرهاد دەنێتەوە، لە ڕێگەی پیرەژنێکەوە، ڕایدەسپێرێت بە فەرهاد بڵێت شیرین مردووە، کاتێک پیرەژن ئەم هەواڵە بە فەرهاد ڕادەگەیەنێت، ئەویش لە تاو ئەشقی شیرین قوڵنگەکەی بەرز دەکاتەوە لە سەری خۆی دەدات و گیانی دەردەچێت، شیرینیش دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، دەڕواتە سەر تەرمەکەی فەرهاد و کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت) ئەم داستانە لە خاکی کوردستان ڕووی داوە چونکە «تا ئێستا کێوی بێستوون لە خاکی کورددا ماوە و ئەو وەستایی و بەردتاشەش کە دەڵێن کرداری ڕەنجی فەرهادە هەر ماوە» (رسول،٥٦،٢٠١٠).

**تۆی عیشقی من: وەکو فەرهاد بە باچوو**
**تۆی لەبەر هەنسکی خەمتا: من مردوو**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٤١٣)

شـاعیر ئـەم داسـتانەی زینـدوو کردووەتـەوە و کردوویـەتی بەسـەرچاوەی وێنـە شـیعرییەکەی، عیشـقەکەی خـۆی وەکـو عیشـقی فەرهـاد وێنـا کـردووە، کـەوا ئەویـش ئیشـقەکەی بـە بـا چـووە. بـە هەمـان شـێوە لـە دێـرە شـیعرێکی تریشـدا ئامـاژەی بـۆ ئـەم داسـتانە کـردووە، کـە یارەکـەی داوای لـێ دەکات وەکـو فەرهـاد ڕەنـج بکێشـێت و کێـو هەڵبکەنـێ.

**پێت ئەڵێم جوانی فریشتە پڕ بە دڵ تۆم خۆش ئەوێ**

**پێم ئەڵێی: ویستن بە ئێشە کێوی بێستوون هەڵکەنی**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٣٣)

**٢-سەرچاوەی مرۆڤایەتی:**

**أ-سەرچاوەیی مێژوویی:**

مێـژووی مرۆڤایـەتی پڕیـەتی لـە ڕووداوی تـاڵ و شـیرین، ململانێـی نێـوان وڵاتـان و گەمـارۆدان و خەبـات و تێکۆشـان، هەریـەک لـەم لایەنانـە دەکرێـت بـبن بـە سـەرچاوەی وێنـەی شـیعریی لای شـاعیران، مەبەسـت لـە مێـژوو گێڕانـەوەی دەقاودەقـی ڕووداوەکان نییـە، بەڵکـو لـە قاڵبێکـی هونەرییانـە دادەڕێژرێتـەوە، پەیوەندییەکـی تـازە لـە نێـوان ڕەگـەز و دیـاردەکان دروسـت دەکات، بەرگێکـی ئەدەبـی و هونەرییـان پـێ دەبخشـێت. شـاعیرانی کـورد مێـژووی مرۆڤایـەتی بەگشـتی و کوردیـان بـە تایبـەتی پشـتگوێ نەخسـتووە، ئاوڕیـان لـە مێـژوو داوەتـەوە وێنـەی جوانیـان لـێ بنیـات نـاوە، (دڵشـاد مەریوانـی)ش وەکـو هـەر شـاعیرێکی تـر ئـەم لایەنـەی پشـت گـوێ نەخسـتووە.

**نرخی من نرخی میللەتە**

**ببورن لێم کە نیشانم**

**قوڵپی خوێنی گەرووی منداڵێکی کوردە**

**لە هەڵەبجە**

**کە بە گەردوونی وت گەوجە**

**وا من گوناهبارم تەنیا**

**بەڵام چی بکا هەڵاڵە و بەیبوون و وێنجە؟!.**

(مەریوانی، ٢٠٠٩، ل:٣٥٠)

شاعیر وێنەی ئەو کۆرپانە نیشان دەدات، کە لە کارەساتە دڵتەزێنەکەی هەڵەبجە لە ساڵی (١٩٨٨) بە ناهەق خوێنیان ڕژا، لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە چەندان کەس بوونە قوربانی.

**فەرموون**

**نووکی ئووچەکانتان،**

**بە تەڕایی چاوی نازداران**

**تەڕ بکەن**

**فەرموون**

**سووتووی خانووەکانی قەڵادزە و**

**گۆشتی سووتاو، بۆ خوانی ئاغاکان**

**سەرخەن**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٢٢٤)

شـاعیر دەگەڕێتـەوە بـۆ کارەسـاتێکی جەرگبـڕی مێژوویـی، بۆردومانکـردنی شـاری قـەڵادزە، کـە لـە بـەرواری (٢٤-٤-١٩٧٤) لـە لایـەن ڕژێمـی بەعسـەوە بۆردومـان کـرا، بـەو هۆیەشـەوە (١٦٣) کـەس شـەهید بـوون (٩) کەسـیان خوێنـدکاری زانکـۆی سلێمانی بـوون، کـە ئـەو کاتـە زانکـۆی سلێمانی گواسـتراوەتەوە بـۆ شـاری قـەڵادزە، نزیکـەی (٣٠٠) کەسـیش برینـدار بـوون.

**ب-سەرچاوەی ئاینی:**

سـەرچاوە ئایینیـەکان چیـرۆک و ڕووداوەکانی نـاو کتێبـە ئاسـمانییەکان، لەگـەڵ وتـەی پێغەمبـەران و پیاوچـاکان و ژیـان و بەسـەرهاتیان دەگرێتـەوە، شـاعیران بـۆ پێکهێنـانی وێنـە شـیعرییەکان سـوودیان لـێ وەرگرتـووە. بـە شـێوەیەکی گشـتی، شـاعیرانی کـورد ئایینـە ئاسـمانییەکان و جـەژن و بۆنـە ئایینیـەکان و مزگـەوت و پەرسـتگا و مەزارگـە و هەنـدێ ڕەمـزی تـری وەکـو زەردەشـت و بوداییـان بـەکار هێنـاوە. لـە نـاو هەمـوو میللەتێـک ئاییـن هەیـە، لـە نـاو کۆمەڵگـەی کوردیـش بـە هەمـان شـێوە ئاییـن هەیـە. بۆیـە شـاعیر (دڵشـاد مەریـوانی) بـە سـوود وەرگرتـن لـە سـەرچاوە ئایینیـەکانی وەک (ئایینـی ئیسـلام، ئایینـی مەسـیحی، ئایینـی زەردەشـتی ) چەنـد وێنەیەکـی شـیعری بنیـات نـاوە.

-سەرچاوەی ئاینی ئیسلام:

**بۆ ئاوی سەربەستی هاتووم**

**خاکم دەشتی کەربەلایە و خوێناوییە.**

**نەترساوم لە شمشێری بەچەکانی معاویە.**

(مەریوانی،٢٠٠٩ل:٢٧٢)

کوردسـتانی خوێنـاوی دەچوێنـێ بـە خاکـی کەربـەلا، کـە خوێنـی (حوسـەین) ی لەسـەر ڕژاوە، لێکچواندنێکـی

ناڕاستەوخۆی کردووە لە نێوان کورد و (ئیمام حوسەین کوڕی عەلی) کە لە دەشتی کەربەلا شەهید کراوە بە دەستی لایەنگرانی معاویە.

-سەرچاوەی ئاینی زەردەشتی:

**ژانی ئینسان**

**لە سلاک بوون و سوێدا**

**لە دروستکردنی نەوەی نوێدا**

**جیاوازییان**

**جیاوازی نێوان:**

**خەمی ڕەش و خەمی سپییە**

**ئاهورامەزدای ئاهەنگ و ئەهریمەنی کپییە**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٢١١)

شاعیر (ئاهورامەزدا و ئەهریمەنی) لە ئاینی زەردەشتییەکان وەرگرتووە و کردوویەتی بە سەرچاوەی وێنە شیعرییەکەی، لە ئاینیی زەردەشتدا دوو هێز هەیە: هێزی خێر و هێزی شەڕ، هێزی خێر لە خوادا دەبینرێ کە ئاهورامەزدایە و هێزی شەڕ لە ئەهریمەن.

-سەرچاوەی ئایینی مەسیحی:

**کوانێ نامەی ئینجیلی چوار ساڵ دڵداری!**

**کوانێ کۆرپەی مەیلی چوار ساڵ بەختیاری!**

**نەکەی..نەکەی..هەتاکو هەی..لە یادی کەی**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:١٠٦)

شاعیر نامەی نێوان خۆی و یارەکەی بە (ئینجیل) چواندووە، کە کتێبی ئایینی مەسیحییەکانە بۆ (عیسا) پێغەمبەر هاتووەتە خوارەوە.

**ج-سەرچاوەی ئەدەبیاتی دراوسێ:**

سەرچاوەکانی ئەدەبی دراوسێی کورد دەگرێتەوە، کە خۆی لە ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی و تورکدا دەبینێتەوە، بە شێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندیی ڕۆشنبیرییان بە گەلی کوردەوە هەیە، شاعیرانی کورد پێیان کاریگەر بوون و زۆرجار سوودیان لە وێنە شیعرییەکانی ئەدەبیاتی دراوسێ بینوە، بووە بە هەوێنی وێنەی شیعری لە لایان. (دڵشاد مەریوانی)یش وەک هەر شاعیرێکی تری ڕۆشنبیری ئەم وڵاتە کاریگەر بووە بە شاعیرانی وڵاتی دراوسێی زۆرێک لە شیعرە عەرەبییەکانی شاعیرانی عەرەبی کردووە بە کوردی، و کاریگەر بووە بە شاعیری فارس (خەیام) لە دیوانە شیعرییەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە کەوا لە ژێر کاریگەریی چوارینەکانی خەیامدا بووە. لەبارەی مەی و مەینۆشییەوە کاریگەر بووە بە (خەیام) لە لای خەیام هەمیشە کە باسی مردن و ژیان دەکات، ئەوە دەخاتە ڕوو ژیان یەک جارە و هەر دەمرین، لەم یەک جار ژیانەش پێویستە مەی بنۆشی، ئازار و سەختییەکان بەلاوە بنێی.

**مەی تێکە وەخۆ دەرفەتە: هاکا مردی**

**لەم ژێر گڵە بێ هەواڵ و بێ هاودەردی**

(هەژار،٢٠٠٨،ل٩٩)

(دڵشاد مەریوانی) بە سوود وەرگرتن لەم وێنەیە، بەم جۆرە وێنەی (مەی و ژیان و مردن) نیشان دەدات:

**قومێک مەی بخۆ، یەک دڵت هەیە**

**هەر کاتێک مردن، کە بردی بردی**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٤٠١)

**د-سەرچاوەی ئەدەبی جیهانی**

سەرچاوە جیهانییەکان هەموو ئەو سەرچاوە ئەدەبییانە دەگرێتەوە، کە لەم گەردوونەدا بوونی هەیە، بەڵام هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی توانای پەڕینەوەی سنوورەکانی نییە، ئەو بەرهەمانەی کەوا بوونەتە شاکارێک لە جیهان سنوورەکانی بڕیوە بە هۆی ئەو داهێنانەی کە لە بەرهەمە ئەدەبییەکەدا کراوە، نەمری و زیندوویی پێ دەبەخشێت، زۆرجار بە هۆی وەرگێڕانەوە ئەم بەرهەمانە دەگەن بە تەواوی ئەم دونیایە کاریگەریی خۆیان لە لای نەتەوەکانی تر جێ دەهێڵن، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین بەرهەمی تر، ئەم بەهەرمانەش خۆی لە (شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و شانۆ و درما...هتد دەگرێتەوە) کە دەبنە جێ بایەخی شاعیران و بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی بابەتە شیعرییەکانیان و دەرخستنی وێنە شیعرییەکانیان. (دڵشاد مەریوانی) بە سوود وەرگرتن لە شانۆگەری (لە چاوەڕوانی گۆدۆدا) ی (صامۆیل بێکێت) کە لە ئەدەبی ناموقوڵ سەریهەڵداوە وێنەیەکی شیعری لەسەر بنیات ناوە، ئەم شانۆیە (بەسەرهاتی دوو پاڵەوان بە دەرئەخات بە ناوەکانی (ئیستراگۆن و ڤلادمیر)، هەر لە سەرەتای شانۆگەرییەکەدا ئەوە بە دەردەکەوێت ئەم دوو کەسە

چاوەڕێـی کەسـێک دەکـەن بـە نـاوی (گـۆدۆ)، بـەڵام گـۆدۆ کـەی بـە تەمایـە بێـت و چـۆن دێـت دیـار نییـە، تەنیـا ئەوەیـە ئـەوان لـە چاوەڕوانیـدان، بـەڵام لـە کۆتاییـدا ئـەم دوو کەسـە بێـزار و نائومێـد دەبـن لـەم چاوەڕوانییـە، بۆیـە پەنـا بـۆ خۆکوشـتن دەبـەن، لـە کۆتاییشـدا دەسـەڵاتیان بەسـەر خۆکوشتنیشـدا نابێـت و دەڕۆن و ئـەو نـاوە جـێ دەهێڵـن).

**من و تۆ لە ئەفسانەی وەنەوشەدا، دەست لە ملانین**

**بەڵام لە گودۆی ئەم کاروانە..دڵنیا نیم**

**لەوە دەترسم نەیەت**

**بێ و بە تەنیا..تۆ بەرێ**

**بێ و بە تەنیا..من بەرێ**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:١٣٩)

شـاعیر بـە سـوود وەرگرتـن لـەم شـانۆگەرییە تەنانـەت ناوهێنـانی (گـودۆ) وێنـە شـیعرییەکەی خسـتووەتە ڕوو، کـەوا لـە چاوەڕوانندایـە دەترسـێت چاوەڕوانییەکـەی بـێ هـوودە بێـت، ئەگـەر بێتیـش تەنیـا خـۆی بەرێـت، یانیـش تەنیـا یارەکـەی بەرێـت و هەردووکیـان بەیەکـەوە نەبـات.

**هاوڕێ ئەکرەم**

**لە وڵاتی ژێر پۆستاڵی ئاسنیندا**

**ڕاکشا و**

**تۆی ئەرنستی ناو کوردستان**

**وەک دیوانێک شیعری دڕاو**

**لە ئەڵقەی پەتی مووسڵەوە**

**شۆڕ بوویتەوە**

**هەتا باڵات گەیشتە فاو**

**هەتا گیانت چووە کۆڕی شەهیدانی هاوڕێمان و**

**بوونە هەتاو**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل٣٠٩-٣١٠)

شـاعیر بـە قـەد و بـاڵای شـەهیدێکدا هەڵـدەدات و بـە (ئەرنسـت) ی دەچووێنـێ، کـە پاڵـەوانی ڕۆمـانی (پاژنـە پۆڵایینـەکانی -العقـب الحدیدیـة)ی (جـاک لەنـدەن)ە. "ئارنسـت ئیڤـەر هـارد هەمـوو لـەشی ئازایـەتی و حیکمەتـە، پـڕە لـە هێـز و عەقـڵ و دانایی..پلەوپایەیەکـی بەرچـاوی لـە کۆنگـرەکانی پـارتی سۆشیالیسـت هەبـوو، یەکێـک بـوو لـە پێشـەواکان.. جەختـی لەسـەر ئـەوە دەکردەوە کـە نـاوی نابـوو ململانێـی چینایـەتی و دوژمنایـەتی نێـوان کار و سـەرمایەدار و لێکـدانی بەرژەوەندییـەکان" (غەمبـار،٢٠٠٤،ل٤١-٤٣)، شـاعیر سـوودی لـەم ڕۆمانـە وەرگرتـووە، وێنـە شـیعرییەکەی لەسـەر بنیـات نـاوە لـە ڕێگـەی لێکچوانـدنی ئـەو شـەهیدەی کـە شـاعیر بەنـاوی (ئەرنیسـتی کـورد) ناوزەنـدی کـردووە، لـە ڕووی ئازایـەتی و خەمخـۆری بـۆ چینـی چەوسـاوەی میللەتەکـەی و خستنەڕووی ئـەوەی وڵاتەکـەی لـە ژێـر هێـز و دەسـەڵاتی (پۆسـتاڵی ئاسـنین)دایە، هەروەکـو چـۆن وڵاتەکـەی (ئارنسـت ئیڤـەر هـارد) لـە ژێـر دەسـەڵاتی کەسـێک بـووە، کـە هێزەکـەی بەنـاوی (پاژنـەی ئاسـنین) بـووە.

**تەوەری چوارەم:**

**بابەتی وێنە شیعرییەکان:**

مەبەسـتمان لـەو بابەتانەیـە، کـە بوونەتـە زەمینـەی دروسـتبوونی وێنـە شـیعرییەکان؛ یـان بەجۆرێکـی تـر: وێنەشـیعرییەکان گوزارشـت لـەو بابەتانـە دەکـەن. لـە خـوارەوە ئامـاژە بـە دیارتریـن ئـەو بابەتـە شـیعرییانە دەکەیـن، کـە وێنەشـیعرییەکانی (دڵشـاد مەریـوانی) لێیانـەوە هەڵقـوڵاون:

**١-واقیع:**

یەکێکـە لـەو سـەرچاوانەی کـە شـاعیران لـە بابـەتی وێنـە شـیعرییەکانیاندا سـوودی لـێ دەبینـن، چونکـە شـاعیر لـەو واقیعـەی کـە تێیـدا دەژی، هەرگیـز ناتوانێـت دەسـتبەرداری ببێـت، ئـەو خـۆشی و ناخۆشـیانەی کـە پێیـدا تێپەڕیـوە، کاریگەرییـان لەسـەر ئەزمـوونی شـیعرییەکەی دەبێـت و دەبنـە سـەرچاوەی بنیـاتی دەقـی شـیعریی لـە لای شـاعیر "وێنـەی هونـەری، تەنهـا لێکدانەوەیەکـی دەرەکـی نییـە بـۆ واقیـع، بەڵکـو لـە شـێوەی هەڵوێسـتێکی داهێنەرانـە بـۆ واقیـع خـۆی بەرجەسـتە دەکات، وەک ڕێگایـەک بـۆ ئەندێشـەکردن و تەواوکـردنی ژیـانی ڕاسـتەقینە" (احمـد،٢٠٢٢،ل١٧٥) واتـا شـاعیر دەقـاودەق ئـەو واقیعـە ناخاتـە ڕوو، بەڵکـو لـە ڕێگـەی خەیاڵـەوە بـە شـێوازێکی تـازە مامەڵـە لەگـەڵ ڕووداوەکان دەکات، ئـەم واقیعـەش ژیـانی کۆمەڵایـەتی و سیاسی و ئابووری و هەمـوو لایەنـەکانی تـری ژیـان دەگرێتـەوە، کـە شـاعیر دەوروژێنێـت و وای لـێ دەکات بیـکات بـە هەوێنـی دروسـت بـوونی شـیعر.

**ئەویان باوکمە**

**برۆ شاشە ئاڵۆسکاوەکانی**

**ڕیزێک خانووی گوندێکن و قرچەیان دێ.**

**ئەویان دایکمە**

**دەست و پەنجە وشکەکانی**

**چەپکێ شۆڕەبی ئاو لێبڕاون.**

**ئەوە خوشکمە**

**باڵای سنەوبەرێکی بەر تەوژمی گرێدەرە**

**ئەمە هاوسەرەکەمە**

**سیمای خەمناکە وەک دێهاتییەکی کۆچ پێکراو**

**ئەوانە هەموو هاوڕێمن**

**بێ ئەوەی لێک نزیک بینەوە**

**لە چرپەی گریاناوی یەکتر دەگەین**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:١٨٠)

شاعیر لە ڕێگەی چەند لێکچواندنێکەوە وێنەیەکی واقیعی تاڵی ئەو سەردەمە دەخاتە ڕوو، کە گوند و ناوچەکانی کوردستان کاولکاری بەخۆیانەوە بینیووە، خەڵکی بە ناچاری کۆچیان پێ کراوە و ڕاگوێزراون، (برۆ شاشە ئاڵۆسکاوەکانی باوکی) بە (ڕیزێک خانووی گوندێک) وێنا دەکات کە سووتاون، (دەست و پەنجەکانی دایکی) بە (چەپکێ شۆڕەبی ئاو لێبڕاو) دەچووێنێت، (باڵای خوشکی) بە (سنەوبەرێک) دەچوێنێت بە هۆی گرێدەرەوە بڕاوەتەوە، (سیمای هاوسەرەکەی) بە (دێهاتییەکی خەمناک) کە کۆچپێکراوە، هەموو ئەو وێنانە ئەوە ڕوون دەکەنەوە، کوردستان لەو قۆناغەدا، هەم سروشتەکەی، هەم خەڵکەکەی لە بارودۆخێکی ناهەمواردا بوونە، بە هۆی ڕژێمی بەعس.

**٢-سروشت**

سروشت سەرچاوەیەکی سەرەکی و دەوڵەمەندە کە شاعیران پەنای بۆ دەبەن لە بابەتی وێنە شیعرییەکانیاندا، دیمەنە جوانەکانی کوردستان کاریگەری زۆری بەسەر شاعیرانەوە هەبووە، بوونەتە هەوێنی لە دایکبوونی چەندین وێنەی قەشەنگ و ڕەنگاوڕەنگ. "ئەو وێنانەی کە لە سروشتەوە هەڵدەبژێردرێن زیاتر لەسەر بنچینەی وەسفی ڕاستەوخۆ بنیات دەنرێن. سەرەڕای ئەو وەسفە ڕاستەوخۆیە زۆرجار شاعیر هەست و سۆزی خۆی دەخاتە سەر و داهێنانێک لە وێنەکە دەکات" (حەسەن،٢٠٠٤،ل٣٣٣) شاعیر پەیوەندییەکی تازە لە نێوان ڕەگەزەکانی سروشت دروست دەکات، تێکەڵ بە هەست و سۆزە خودییەکانی دەبێت، لەڕێگەیەوە وێنەیەکی تازە بەرهەم دێت.

**پاساری جوان، ئاسمانی شین**

**ڕوومەتی ئاڵ، چاوانی کاڵ، گەش و نازدار**

**ئێسک شیرین، پەرچەم پەرژین باخ و گوڵزار**

**پێستی سپی بەفری کوێستان**

**کەمەری شل نەرم و نیان**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٥٥)

شاعیر وەسفی سروشتی کردووە، وشەی جوان و ناسک بەکار دەهێنێت، خەیاڵ و ئەندێشەی فراوانی شاعیر وای کردووە سروشت بە مرۆڤێک بچووێنێت کە ڕوومەتەکانی ئاڵ و چاوەکانی کاڵ و ئێسکی شیرینە.

**کزەی شەماڵی فێنکی بەیان**

**مووچرکەی ئەدا**

**بە داری سەروو**

**وەکو شاژنێک باڵای ئەلەنجان**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل: ٣٨٦)

شاعیر وەسفی سروشتی کردووە لە ڕێگەی خەیاڵی خۆیەوە وێنەیەکی سەرنجراکێشی لەسەر بنەمای لێکچواندن بنیات ناوە، دار سنەوبەری بە شاژن چوواندووە و لەنجە ئەکات.

**٣-بابەتی جوانی ئافرەت**

ئەم سەرچاوەیە سەرچاوەیەکی سەرەکی بابەتی وێنەی شیعرییە لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا لای شاعیران، شاعیر(دڵشاد مەریوانی) زۆر بە بایەخەوە لە جوانی ئافرەتی ڕوانیوە، دەیخاتە بەرزترین ئاستی هەموو ئەو جوانییانەی کە لە سروشتدا هەن. هەندێک جار جوانیی ئافرەت و جوانیی سروشت تێکەڵ بە یەک دەبن و دەبنە ئیلهامبەخشی یەکتری، جوانی لە سروشتەوە وەردەگرێ و یارەکەی پێ وێنا دەکات، هەندێک جاریش سروشت، جوانی لە ئافرەت وەردەگرێت.

**دەم وەک خونچە، نیگا پرشنگ      چاو گەلاوێژ**

**قژ تەڵایی خاو گفتی شیرین**

**گەردن نیزار مەم وەک هەنار      دەم بە گوڵان**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٤٣)

لـەم نموونـە شـیعرەدا جـوانی لـە سروشـت وەرگرتـووە، یارەکـەی پـێ وێنـا کـردووە، لـە نموونـە شـیعرێکی تـر سروشـت جـوانی لـە ئافرەتـەوە وەرگرتـووە:

**بەرەبەیان بوو تیشکی خۆرەتاو**

**قژی زێرینی دەرئەخست تاو تاو**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٣٥)

هەندێـک جاریـش شـاعیر هەرچەنـد لـە نـاو جوانیـی سروشـت دەگەڕێـت، جوانییـەک نابینێتـەوە خـۆی لـە قـەرەی جوانیـی ئافـرەت بـدات:

**گەلێکم ڕوانییە گوڵشەن...نەبوو جوانی وەکو تۆ شەنگ**

**گوڵێ نەبوو چەشنی خەندەت خونچەیەکیش وەک لێوی تەنگ**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٦٢)

بەشـێوەیەکی گشـتی جوانیـی ئافـرەت لـە سـەرووی هەمـوو جوانییەکانەوەیـە لـە لای شـاعیر، جوانیـی ئافرەت بـە جۆرێکـە لـە ئاسـتدا جوانیـی سروشـت چـۆک دادەدات و ون دەبێـت لـە ئاسـت جوانییەکـەی، هـەر وەک لـەم چەنـد دێـرە بـە دەردەکەوێـت:

**لە هۆش خۆی چوو گوڵی شەوبۆ**

**کە چاوی کەوت بە جوانی تۆ**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٦٧)

لـەم دێـرەدا شـاعیر ئـەوە دەخاتـە ڕوو (گوڵـی شـەوبۆ) لـە تـاو جوانیـی یارەکـەی، وەکـو مرۆڤێـک لـە هـۆش خـۆی دەچێـت، هەروەهـا لـە دێرێکـی تـردا دەڵێـت:

**مانگی چواردە بوو ڕەنجەڕۆ**

**کە چاوی کەوت بە جوانیی تۆ**

(مەریوانی،٢٠٠٩،ل:٦٨)

(مانگـی چـواردە) کاتێـک یارەکـەی شـاعیر دەبینێـت، بـە هـۆی جوانییەکـەی ڕەنجـەڕۆ دەبێـت و دیـار نامێنێـت.

**ئەنجام:**

١- لــە هونــەری شــێوازی ئاڵوگۆڕکــردنی درکپێکــراودا، ســوودی لــە هــەر ســێ هونــەری (بەرجەســتەکردن، بەتەنکــردن، بــە مــرۆڤ کــردن) بینیــوە، لــە هونــەری بەتەنکــردن زۆرینــەی ئــەو وێنانــەی کــە کێشــاویەتی بــەر هەسـتی بینیـن دەکـەون، ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە هەسـتی بینیـن لـە هەمـوو هەسـتەکانی تـر کاریگەرتـرە.

٢-بــە شــێوازێکی بەرچــاو وێنــەی ڕەمــزی لــە شــیعرەکانیدا بــەکار هێنــاوە، ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەو بارودۆخــە سیاســییە ناهەمــوارەی قۆناغــە شـیعرییەکەی پێیـدا تێپەڕیـوە، توانـا و دەسـەڵاتی شـاعیریش نیشــان دەدات لــە بەکارهێنــانی ئــەو وێنــە ڕەمزییانــە.

٣-لــە ڕووی ســەرچاوەی وێنــەی شــیعرییەوە، لــە سـەرچاوەی خودیـدا توانایەکـی زۆری هەیـە لـە دروسـتکردنی ئــەو وێنانــەی کــە ســەرچاوەکەی خەیاڵــی فــراوانی شــاعیرە، چەندیــن وێنــەی ڕەنگاوڕەنــگ و بارودۆخــی دەروونی خــۆی لەپــاڵ ئــەو وێنانــە خســتووەتە ڕوو.

٤-لـە ڕووی سـەرچاوەی بابـەتی، کاریگـەر بـووە بەهەندێـک لەو وێنانـەی لـە شـیعری کلاسـیکی دەبینرێـت، سـوودێکی زۆری لـە کەلەپـووری میلـلی و ئـەدەبی فۆلکلـۆر بینیـووە لـە پەنـد و ئیدیـۆم و گـۆرانی فۆلکلـۆری و داسـتانی خۆشەویسـتی، هەمـوو ئەوانــە بوونەتــە بەشــێک لــە بابــەتی وێنــە شــیعرییەکانی.

٥- ســوودی لــە چەنــد ســەرچاوەیەکی ئایینــی وەرگرتــووە بــۆ پێکهێنــانی وێنــە شــیعرییەکانی لەوانــەش (ئایینــی ئیســلام-ئایینی زەردەشــت-ئایینی مەســیحی)؛ کــە ســەرچاوەی دووەم و ســێیەمیان هەنگاوێکــی ڕچەشــکێنییە.

٦-سروشــت و ئافــرەت بووەتــە یەکێــک لــەو بابەتانــەی شــاعیر ســوودێکی زۆری لــێ بینیــووە، بــۆ پێکهێنــانی وێنــە شــیعرییەکانی، بــەڵام جوانیــی ئافــرەت لــە لای شــاعیر لــە ســەرووی سروشــتەوەیە، بــە شــێوەیەک سروشــت لــە ئاســت جوانیــی ئافــرەت ون دەبێــت و نامێنێــت؛ ئەمــەش لایەنێکــی جوانیناســیی شــاعیر پیشــان دەدات.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: (کوردی)**

**أ-کتێب:**

١-جـاک لنـدن، (٢٠٠٤)، پاژنـەی ئاسـنین، وەرگێڕانی:کەمـال غەمبـار، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی دیـلان، سـلێمانی.

٢-حسـن، د.مەولـود ابراهیـم، (٢٠٠٧)، پێکهاتـەی ئەفسـانەی کـوردی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕەنـج، سـلێمانی.

٣-حسـێن، جەبـار ئەحمــەد،(٢٠٠٨) ئێسـتاتیکای دەقـی شـیعریی کوردی-کوردسـتانی عێـراق(١٩٥٠-١٩٧٠) دەزگای چـاپ و پەخـشی سـەردەم، سـلێمانی.

٤-حەسـەن گـەردی، سـەردار ئەحمـەد، (٢٠٠٤)، بنیـاتی وێنـەی هونـەری لـە شیعری کوردی دا (١٩٧٠-١٩٩١)، دەزگای چاپ و پەخشی سـەردەم، سلێمانی.

٥-رسـول،عیزەددین مسـتەفا، (٢٠١٠)، لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبی فۆلکلـۆری کـوردی، چاپـی سـێیەم، دەزگای ئـاراس، هەولێـر.

٦-رضـا، ئیدریـس محمـد (٢٠٢١) وێنـەی شـیعری لـە دیـوانی (تەمـەن) ی (ئەحمەد محمد)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

٧-شـارەزا، کەریـم (٢٠٠٥)، ئەفسـانە لـە شـیعری هاوچەرخـی کوردیـدا، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕۆشـنبیری، هەولێـر.

٨-عبدوڵڵا، د.ئیدریـس (٢٠٢١) دەقنـاسی ئـەدەبی کـوردی، چاپـی دووەم، نووسـینگەی تەفسـیر، هەولێـر.

٩- عیسـا، هاوژیـن صلێـوە (٢٠٠٩) بنیـاتی وێنـەی هونـەری لـە شـیعری شـێرکۆ بێکەسـدا، دەزگای چـاپ و پەخـشی سـەردەم، سـلێمانی.

١٠-عـەلی، دڵشـاد (١٩٩٨)، بنیـاتی هەڵبەسـت لـە هۆنـراوەی کـوردی دا، چاپخانـەی ڕەنـج، سـلێمانی.

١١-کانـەبی، دلێـر سـادق(٢٠٠٩) هەنـدێ لادانی زمـانی لای سـێ شـاعیری نوێخـوازی کـورد (ئەنـوەر مەسـیفی-نەوزاد رەفعــەت، فەرهادپیربـال، چاپخانـەی خانی،دهـۆک.

١٢-مامۆسـتا هـەژار (٢٠٠٨) چوارینـەکانی خەییـام، پەخشـانگای ئـازادی، تهران.

١٣-مـدرس، مـەلا عبدالکریـم )١٣٦٤ شـمسی) دیـوانی نـالی، چاپـی دووەم، چاپخانـەی سـپهر، تهران.

١٤-مەحمـود، فاضـل مەجیـد (٢٠٠٧)، سروشـت لـە شـیعری گۆرانـدا، دەزگای چـاپ و پەخـشی سـەردەم، سـلێمانی.

١٥-مەریـوانی، دڵشــاد، (٢٠٠٩)، (کۆبەرهەم-شـیعر)، چاپـی یەکـەم، دەزگای ئــاراس، هەولێــر.

١٦-یوسـف، سـەعد فـاروق (٢٠١١) بنیـاتی هونـەری لـە شـیعری ئەحمەد موختاربەگـی جـاف، چاپخانـەی ڕۆشـنبیری، هەولێر.

**ب-گۆڤاری ئەکادیمی:**

١-صابــر، پەرێــز(٢٠٠٥)، تــەوەرەکانی ڕەمــزی شـیعری لــە ڕەخنــەی ئــەدەبی کوردیــدا، گۆڤــاری زانســتی مرۆڤایــەتی، زانکـۆی سـەلاحەدین، ژمــارە ٢٥.

٢-عزالدیـن، سـۆران بهـاء الدیـن، (٢٠١٩) وێنـەی جـووڵاو لـە شـیعری ئێـوارەی پاییـزی هێمنـدا، گۆڤـاری زانکـۆی گەرمیـان، ژمـارەی تایبـەت.

**ج-نامەی ئەکادیمی:**

١-أحمـد، مەریـوان حەمەکریـم (٢٠٢٢) بنیـاتی وێنــەی هونــەری لــە شــیعری (ســالم)دا، نامــەی دکتــۆرا، زانکـۆی سـلێمانی.

٢-محمد،یوسـف عـلی (٢٠٠٨)، بنیـاتی وێنـە لـە شـیعرەکانی (میهـری)دا، نامـەی ماسـتەر، زانکـۆی سـەلاحەدین.

**دووەم: کتێب(عەرەبی)**

١-التونجـی، محمـد (١٩٩٩) المعجـم المفصـل فی الأدب، الجـزء الأول، ط٢، دارالکتـب العلمیـة، بیـروت.

٢-عبدالرحـمان، منصـور (١٩٧٧) اتجاهـات النقـد الأدبی فی قـرن الخامـس الهجـری، مکتبـة الأنجلوسـیة، القاهـرة.

## الملخص:

خلاصة هذا البحث عبارة عن اظهار وتحديد الصور الشعرية فى شعر (دلشاد مەريوانى) وبيان المصادر التي استعان بها الشاعر فى تأليفه للموضوعات والصور الشعرية مع تحليل صور من أشعاره.

الصورة واحدة من المكونات الرئيسية فى بناء النص الشعرى، ولكل شاعر طريقة خاصة في تأليف الصور الشعرية، (دلشاد مەريوانى) من الشعراء المحدثين الذي يمتاز بخبرة وطريقة خاصة فى التعبير، وبهدف بيان الجانب الجمال وخلق الشاعرية قام برسم العديد من الصور الجميلة والجذابة أي-التي تلفت الانتباه-فى نصوصه الشعرية، وفي مجموع أشعار (دلشاد مەريوانى) تتم ملاحظة الصور الشعرية بجميع أنواعها فى أشعاره مثل (الصور الشعرية بحسب الحواس الانسانية الخمس-حاسة الذكاء(العقل)، والصور المتحركة والثابته، والصور الاسطورية، والصور الرمزية، والصور المفردة والثنائية والعامة)، مع استفادة من المصادر الذاتية والموضوعية، مع عرض كل واحد منها بطريقة مختلفة، والصورة الرمزية هي التى تلخط بشكل واضح فى أشعاره، وهى احدى مميزات الشاعر وسبب ذلك يعود الى ثقافة العامة للشاعر، والوضع السياسي الذى عاش فيه الشاعر، وهذا أعطى جمالية لنصوص الشاعر الشعرية.

**الكلمات الدالة:** دلشاد مريواني، الصورة الشعرية، الصورة الرمزية، المصدر الذاتية، المصدر الموضوعية.

## :Abstract

The research consists of revealing and identifying the sources and analyses of selected poems that feed the poetic imagination of the poet Dilshad Mariwani and the themes and structure of his poems. Image is one of the basic components of poetic text. Each poet has his style in creating artistic images; Dilshad Mariwani is an experienced and innovative poet with a unique style. He created many beautiful and interesting images in his poems for aesthetic and poetic purposes. All kinds of images are applied in all his poems, including images based on the human five senses, organic images, kinaesthetic images, mythical images, symbols, single and composite images, and metaphors. He presents subjective and objective views in different ways, and symbolic images are used extensively in his poems. The use of images is one of the poet's aesthetic characteristics and is determined by the poet's level of refinement and the political environment in which the poet lives.

**Key words**: Dlshad Mariwany, Poetic Imagery, symbolic Imagery, objective source, subjective source.